## " شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان"

## شانەی پایەیی حیزبی و "هەڵسووڕانی پایەیی"ی حیزب

بەشی حەوتەم... ل 6

# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (156) بەرواری 15-11-2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

## یەکێتی و پارتی لەسەر هیچ ڕێکەوتن!



حەوتی ئەم مانگە پارتی و یەکێتی پاش دابڕانێکی زۆر و گرژیی و ململانێیەکی توندی ریشە لە ئەزمەیەکی قوڵی دەسەڵاتداریتی و ڕێگا جیاوازەکانیان بۆ دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، لە پیرمام و لەسەر ئاستی باڵا کۆبوونەوە.

دوا کۆبوونەوەکە راگەیاندنێکیان دەرکرد کە تیاییدا، بن بەستی کۆبونەوەکەیان لە گەیشتن بە نزیک بوونەوە لەگەڵ یەکتری لەسەر ئەو پرسانەی ناوەرۆکی کۆبونەوەکەی پێک دەهێنا، بەیان

بۆ لاپەڕە 3

## گەورەترین خۆپیشاندان لە لەندەن بۆ ئاگربەستی دەستبەجێ لە غەززە ئەنجامدرا!




1 ملیۆن نارِازی بە شەڕی غەززە ڕۆژی شەممە ١١ی نۆڤەمبەر و لە یەکێک لە گەورەترین ڕێپێوانە سیاسییەکانی مێژووی بەریتانیا، دەسەڵاتدارانی بەریتانیا و لەندەنیان شەرمەزار کرد. خۆپیشاندەران، نارەزایەتییەکی ئاشتیانەیان لە دژی بەردەوامبوونی بۆردومانکردنی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، شەقامەکانیان پر کرد. خۆپیشاندەران داوایان لە حکومەت دەکرد داوای ئاگربەستی دەستبەجێ بکات، لەکاتێکدا هێزەکانی زەمینی

بۆ لاپەڕە 3

## دیمانەیەکی تایبەت سەبارەت بە فیلمی ١٩٨٨ لە گۆشەی ئەدەب و هونەردا بخوێننەوە... ل8




## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

*ڕۆڵی چینی کرێکار لە بزوتنەوەی دژی داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیلیدا....................ل4
*جیهاد حەمە کەریم وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە...........................................................ل5
*قەرز وەکو دەستکەوت، فریوکارییەکی بێ وێنە..........................................................ل6
*چەمکی توندوتیژی دژی ئافرەتان و مێژوویەکی قێزەون!..............................................ل7
*ئازادی خەڵکی فەلەستین، ڕزگاری خەڵکی ئیسرائیلیشە..............................................ل10-11

## دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە کوشتارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان"

### هاوڕێ عەلی مەولود وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...

ل12-13




## وتەی ژمارە

## کردەوەی حەماس و هێرشی درندانەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر غەززە، ریشەی لە چیدایە؟

**عەبدوڵا مەحمود**

حەوتی ئۆکتۆبەر ڕێکخراوەی حەماسی ئیسلامی کردەوەیەکی سەربازی فراوانی کردە سەر بەشێک لە ئۆردوگا نشینەکانی ئیسرائیل، کە لە ئاکامدا بەسەدان کەس کوژارن و بریندار و بەبارمتەگیران، لە نێو ئەو کوژاوانەدا بەسەدان کەسی مەدەنی بێتاوان گیانیان بەختکرد و لەناو بارمتەکانیشدا بە هەمان شێوە بەدەیان کەسی مەدەنی رفێنران. لەبەرامبەر بەو کردەوەیەی حەماسدا دەوڵەتی ئیسرائیل لەدرێژەی هێرشە بەدەوامەکانی بۆ سەر فەلەستینیەکان، بە پشتیوانی ئەمریکا و غەرب و پەنجە مۆری ئەوان لەژێر ناوی ئەوەی ئیسرائیل" مافی بەرگری لەخۆکردنی



هەیە" دەستی دایە هێرشێکی بەرفراوان و بێ وینە بۆسەر شاری غەزە، هێرشێک کە بە پاساوی لەناوبردنی حەماس، دەستپارێزی لە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و ژێرخانی ئابوری و دامەزراوە مەدەنیەکانی وەکو قوتابخانەو خەستەخانەو کەمپی ئاوارەکان و ... ناکات و لەوەش زیاتر رێگەی لەوە گرت غەززەی ئابلۆقەدراو سوتەمەنی و ئاو کارەبا و خۆراک و دەرمان و ... پێ بگات.

دوای کردەوە غافڵگیرانەکەی حەماس بۆسەر ئیسرائیل، ئەو پرسیارە هاتە ئاراوە، کە زەمینەو هۆکارەکانی ئەم کردەوەیەی حەماس چی بوو؟ وە کاردانەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆچی بەو ئاستە ترسناکە گەیشت و پاڵنەری پشتیوانی ئەمریکا و غەرب لە ئیسرائیل چییە؟ بۆچی ریکخراو و یەکێتییە کرێکارییەکان و خەڵکی ئینسان دۆست و ئازادیخوازی دنیا، بۆ پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین هاتنە مەیدان، کە رۆژ بەرۆژ فراوانتر دەبێتەوە؟ ئەمانە چەند پرسیارێکن کە ئەم وتارەی کردە پێویست.

حەماس وەکو رەوتێکی ئیسلامی سیاسی و سەرجەم رێکخراو گروپە ئیسلامیەکانی تر لە پایەترین ئاستیدا و لە ئاستی دنیادا، یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی پێگرتن و دروست بوونیان، دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکاری بەردەوامی دەوڵەتی ئیسرائیل و چارەسەرنەکردنی کێشەی فەلەستین، جیا لەوانە حەماس بە پشتیوانی و هاوکاری ئەمریکاو ئیسرائیل بەمەبەستی لاوازکردنی ڕێکخراوە چەپ و ئازادیخواز و قەومیەکان و لەوانەش بۆ

بۆ لاپەڕە 2

پرسی ڕۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

# درێژەی وتەی ژمارە

لاوازکردنی رێکخراوەی رزگاریخوازی، لە فەلەستین پێکهێنراوە.

هێرش و داگیرکاری بێ پسانەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر فەلەستینیەکان تەنانەت لەو کاتانەشدا کە "پرۆسەی ئاشتی و دانووساندن" هەیە. لەوانە داگیرکردنی سەرزەمینی فەلەستین و داگیرکردنی ماڵ و شوێنی ژیانیان و سەندنەوەی مافی ژیان کردن لەسەرزەمینی خۆیان دروستکردنی شارۆچکەی یەهودی نشین لەسەر زەمینی خەڵکی فەلەستین، دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ و بەردەوام، تیرۆرکردنی لاوانی فەلەستینی دەست بێ چەک و سفیل، داسەپاندنی دۆخێکی سەخت بەسەر زیندانیان و گیراوانی سیاسی، خستنە ژێر چاودێری و رێگریکردن لە هاتووچۆی فەلەستینییەکان و کارکردنیان، وەڵامدانەوە بەهەر نارەزایەتی و کاردانەوەیەکی فەلەستینییەکان بەو پەڕی دڵرەقی و توندوتیژی، کۆنترۆڵکردنی سەفەر و هاتوچۆکردنیان و داگیرکردنی ماڵ و حاڵیان، بە پلە دوو و سێ کردنی فەلەستینییەکانی نیشتەجێی ئیسرائیل، تا دەگاتە ئابلۆقەدانی شارێکی زیاتر لە دووملیۆن ئینسانی وەکو غەززەو کردنی بەگرتووخانەیەکی ئاشکرای دنیای ئەم سەردەمەو ژێر پێخستنی بریارەکانی ریکخراوە نەتەوەیەکگرتوەکان لە دوای ساڵی ١٩٤٨ وە تاپیکەوتنامەی "ئاشتی ئۆسلۆ" و تا بە ئێستا دەگات. ئەمانە هەموویان گۆشە بەگۆشەی سیاسەتی دەوڵەتی ئیسرائیلن لە دژی خەڵکی فەلەستین. ئەم دۆخە بۆتە هۆی کەڵەکەبوونی نارەزایەتی بەردەوامی بێ وێنەی جەماوەریی لەدژی دەوڵەتی ئیسرائیل نەک تەنها لە فەلەستیندا، بەڵکو لەناوخۆ ئیسرائیل و لەدنیادا. لە دۆخێکی ئاوادا بەکردەوە ئەوە دەوڵەتی ئیسرائیلە کە بۆتە هۆکاری سەرەکی ناجێگیری و ناسەقامگیری لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

هێرشی بەردەوامی دەوڵەتی ئیسرائیل لەلایەک و چوونەسەری رۆژ بەرۆژی تورەیی جەماوەری لەدژی داگیرکاری و هێرشی بەردەوام، زەمینە و ژینگەی بۆ هەر هێزێک سازکردووە، کە بیەوێت خۆی بەبزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری فەلەستینەوە هەڵبواسێت، لەدڵی هەلومەرجێکی ئاوادا و لە جەرگەی پاشەکشەی هێزە چەپ و قەومیەکان و ریکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین و لە چوارچێوەی سازانی بەردەوامی وڵاتە عەرەبیەکان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا، ریکخراوی حەماس کەڵکی لەم دۆخە وەرکرت و لە ٧ ی ئۆکتۆبەردا، نمایشی تونایی خۆی کرد و کاردانەوەی بەرووی ئەم دۆخ و هەلومەرجەدا نیشاندا. ئەم گورز وەشاندنەی حەماسی ئیسلامی بۆسەر ئیسرائیل، لوتبەرزی و غروری توانایە هەواڵگری و سەربازییەکانی ئیسرائیلی داچەقاندە سەر زەوی و دەوڵەتی ئیسرائیل و حکومەتی دەستی راستی نەتانیاهۆی، توشی گەورەترین شکستی مێژووی لە ٧٦ ساڵی رابردوودا کرد.

بێگومان کوشاری خەڵکی مەدەنی و بەئامانجگرتنی ئاهەنگی یەهودیەکان لەو هێرشەدا و بەبارمتە گرتنی خەڵکی مەدەنی، ئینسانکوژیەکی ئاشکرا و بەتوندی جێگای ئیدانە و ریسوا کردنە.

دەستبردنی حەماس بۆ کردەوەیەک ئاوا، لە کاتێکدا کە رووبەڕووبوو لەگەڵ نارەزایەتی جەماوەری فەلەستینیەکان بەدەسەڵاتی ١٧ ساڵەی لە غەززەدا، لەدۆخی بەردەوامی هیرشی دەوڵەتی ئیسرائیل و مت بوون و خەواندن و کەنار خستنی پرسی خەلکی فەلەستین، نارەزایەتی ناوخۆی خەڵکی ئیسرائیل لەدژی نەتانیاهۆ لەبەرامبەر سیاسەتی لەناوبردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و وابەستەکردنی بە دەوڵەتەوە... وای کرد جاریکی تر کێشەی فەلەستین ببێتەوە بە مەسەلی رۆژ و پرسی چارەسەری کیشەی فەلەستین کۆمەڵگەی ئینسانی دابگرێتەوە.

حەماس جگە لە رێکخراوە ئیسلامیەکانی هاوشێوەی وەکو حزب الله و حوسیەکان و... دەوڵەتی ئیران، چ لای ئەمریکا و غەرب و ئیسرائیل و چ کۆمەڵگەی نێودەولەتی و ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و تەنانەت لەلای ریکخراوە قەومیەکانی فەلەستینیشەوە، رەتکراوە بێ پەیوەند بە کێشەی فەلەستین و بۆ زۆریشیان وەکو ریکخراوەیەکی تیرۆریست مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. بەو گورزە پشت شکێنەی لەدژی ئیسرائیل ئەنجامیدا، توانی خۆی وەکو لایەنێکی فریادرەس و دەنگی کپ نەکراوی نارەزایەتی خەڵکی فەلەستین، دەربخات و دنیا ناچار بەوە بکات وەکو واقعیەتیکی بەرجەستە و لایەنێکی بەرگریکار لە کیشەی فەلەستین، بە فەرمی بناسن. ئەوەی حەماس دەتوانێت بەو ئامانجەی بگات یان نا لەوە کەم ناکاتەوە، کە حەماس وەکو ریکخراوەیەکی ئیسلامی بەشێکە لە واقعیەتی ئیستای کۆمەڵگەی فەلەستین و توانی مۆری خۆی بدات لە واقعیەتیکی حاشاهەڵنەگری داگیرکاری ئیسرائیل لەلایەک و بەرەنگاری خەڵکی فەلەستین لەلایەکی ترەوە.

بەپێچەوانەی راگەیاندنی میدیای باو و نۆکەر پیشەی غەرب و مۆڵەپێدراوی دنیاوە، حەوتی مانگ دەسپێکی هێرشی حەماس بە هەڵگیرساندنی جەنگ نەبوو، بەڵکو گورزیکی غافلگیرانە و بەنەخشەی وەستانەوە بەرووی جەنگخوازی و هێرش و داگیرکاری بەردەوامی ئیسرائیل بوو... لە حەوتی مانگیش بەدواوە دنیا شاهیدی گەورەترین جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیلە بۆسەر غەززەو فەلەستینیەکان بە پشتیوانی ئەمریکاو غەرب و پەنجە مۆری دیموکراسی.

بەدوای حەوتی ئۆکتۆبەردا، هێرشی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدرێژەی هێرشی نەوەستاویدا بۆسەر غەززەو فەلەستینیەکان، بەشێوەیەکی بێ وێنە دڕندانە دەستی پێکرد، ئامانج لەم هێرشە بەربڵاو مەرگ چێنە بەکۆمەڵە، لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیل و حکومەتی دەستی راستی نەتانیاهۆ بۆ بەرگری لە ئیسرائیلیەکان نییە، دەوڵەتی ئیسرائیل هەمیشە لە هێرشدایە، بەڵکو حکومەتی نەتانیاهۆ دەیەوێت لەلایەکەوە قەرەبووی شکستی سیاسی و سەربازی و هەواڵگری حەوتی ئۆکتۆبەر بکاتەوە و ئابرو بۆخۆی بگێرێتەوە و ئەو قورساییە نەنگینە لەسەر خۆی و حکومەتەکەی لاببات، لەلایەکی تریشەوە دەیەوێت حکومەت دەستی راستیەکەی لەدەسەڵاتدا بهێڵێتەوە. حکومەتی نەتانیاهۆ جیا لەوەی پێشتر لەبەردەم شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری دابوو بەهۆی هەوڵەکانی بۆ لەناوبردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و وابەستەکردنی بە دەوڵەتەوە، هاوکات بەهۆی گورزی حەوتی ئۆکتۆبەر و تێکشکانی لوتبەرزی و مایەپوچی دەزگای هەواڵگری، لەبەردەم نارەزایەتیەکی فراوانی جەماوەریدایە و خواستی دەست لەکارکیشانەوەی خواستیکی سەرەکییە. نەتانیاهۆ دەیەوێت بە سەرکەوتن بەسەر حەماس و دوورخستنەوەی دەسەڵاتیان بەسەر غەززەدا، خۆی لەبەدەم ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە رزگار بکات، بەڵام سەرکەوتی سوپای ئیسرائیل بەسەر حەماس و دەرهێنانی دەسەڵاتی غەززە لە دەستیان، ناتوانێت شکستی و نائاکامی نەتانیاهۆ ناکام بکاتەوە. هەر ئێستا بەهۆی ئەو کردەوەو هیرشە دڕندانەی بۆسەر خەڵکی مەدەنی و ژیرخانی غەززە ئەنجامی دەدات، لەبەردەم رای گشتی دنیادا رووبەڕووی نەفرەت و پەنجەی تۆمەتباری جەنگی بۆ خۆی و حکومەتەکەی رادەکێشرێت... جیا لەوانە تەنانەت بەتەواوەتی لاوازکردنی حەماس ناتوانێت ڕێگای هیچ جۆرە سەرکەوتنێک بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل و حکومەتەکەی مەیسەر بکات. چونکە داگیرکاری و هێرشی دەوڵەتی ئیسرائیل هۆکاری دروستبوونی حەماس و هاوشێوەکانیەتی، حەماسیش کەنار بخرێت، حەماسی تر بەناوی ترەوە دروست دەبن.

ئەمریکا و غەرب بەهەموو شێوەیەک بەرگری لە دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن، بە پاساوی" مافی بەرگری لەخۆ کردن" وەکو ئەوەی کە ئەوە فەلەستینیەکان بن ئیسرائیلیان داگیر کردبێت و ناچار بە بەرگری بن لەبەرامبەر هیرشەکاندا، لە کاتێکدا ئەوە دەوڵەتی ئیسرائیلە سەر زەمینی فەلەستنیەکانی داگیرکردووەو هیشتاش لە هێرشکردن و دروستکردنی شارۆچکە یەهودی نشینەکان لەسەر ماڵ و حاڵی فەلەستینیەکان بەردەوامە، هەر بەو پاساوە درۆزنانەیە کە ئیسرائیل "مافی بەرگری لەخۆکردنی" هەیە، دەستی دەوڵەتی ئیسرائیلیان بۆ داگیرکاری و هێرشی بێ وینەو جینۆسایدی خەڵکی فەلەستین لە غەززە لە ژێر ناوی جەنگ لەدژی حەماسدا، ئاوەڵا کردووە. ئەم مامەڵەیەی ئەمریکا و غەرب هەمان مامەڵەی ئەمریکا و غەرب لەگەڵ خەڵکی کوردستان وەبیردێنێتەوە، کە حکومەتی دڕندەی بەعس چەکی قەدەغەکراوی لەدژی خەڵکی کوردستان بەکار دەهێنا، لەوانە ناپاڵم و کیمیاوی و سوتماککردنی گوندو شارۆچکەکان وئەنفال و ژێر لم خستنی بەکۆمەڵی ئیسنان و لەسێدارەدانی بەردەوام و ...تاد، کەچی لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا بێدەنگیان لێ دەکرد و بەدوای بەڵگەی دڕندەیی بەعسەوە بوون!! و لە پشتیوانی چەکدارکردنی بەعس بی درێغ بوون.

هۆکاری ئەوەی ئەمریکا و غەرب بەرگری لە دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن ئەوەیە کە دەوڵەتی ئیسرائیل، پێگەی میحوەری ئەمریکایە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، هیچ سازان و ئاسیکردنەوەی پەیوەندیەکی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی ناتوانێت جێگای ئیسرائیل بۆ ئەمریکا لەناوچەکەدا بگرێتەوە. هەروەها پاشەکشەی ئیسرائیل و کەم رەنگ بوونەوەی پێگەو مەوقعیەتەکەی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەم رەنگ بوونەوە و لاواز بوونی مەوقعیەتی ئەمریکا و غەرب لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دادەنێت. زوو هاتنە دەستی ئەمریکا و غەرب و ناردنی کەشتییە پڕ جبەخانە سەربازی و جەنگیەکانی، هەوڵیکە بۆ هاوسەنگ کردنەوەی باری لاسەنگ بوونی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لەدڵی هەلومەرجێکی تەواو نوێی دارمانی پیگەی قوتبی ئەمریکا و غەرب لەلەلایەک و دەرکەوتنی قوتبی چین و روسیا و لەلایەکی تر و بەهیز بوونی پێگەی هەرکام لە وڵاتە عەرەبیەکانی ناوچەکە وەکو کاراکتەرێکی کارا لە ناوچەکەدا.

هاتنە مەیدانی ریکخراو و یەکێتییە کرێکارییەکان و خەڵکی ئازادیخواز و ئینساندۆست بەدژی جەنگ و داگیرکاری ئیسرائیلیدا، بەر لەوەی ئیسرائیل نیشانە بێت، ئەمریکاو غەربی کردۆتە نیشانە، چونکە دەوڵەتی ئیسرائیل بەبێ پشتیوانی بەردەوامی ئەمریکاو غەرب، زۆر لەوە لاوازترە بتوانێت ببیتە دەوڵەتی میحوەر لەناوچەکەدا. جیا لەوانە ئەم بزوتنەوە ئازادیخواز و ئینسان دۆستە دژی جەنگ و ملهوری نواندنە، مایەپوچی سیاسەت و نەخشەکانی ئەمریکاو غەرب و پوچی و شکستی میدیای نۆکەریان دەخاتە روو، کە هەموو هەوڵێکیاندا داگیرکاری و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل بەرەوا نیشان بدەن و لە جەنگ لەگەڵ حەماسدا بەرجەستەی بکەن تا خۆیان لە کێشە سەرەکیەکە بدزنەوە کە هیرش و داگیرکاری ئیسرائیل و چارەسەر نەکردنی کیشەی فەلەستین و مل نەدانی دەولەتی ئیسرائیلە بە رێکەوتننامەکانی ریکخراوە نەتەوە یەکگرتوەکان...

**ناوەراستی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣**

بۆپێشەوە FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی: یەکێتی و پارتی لەسەر هیچ ڕێکەوتن!

کرد.

کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی بە ریکەوتن لەسەر هیچ کۆتاییهات و بریارە کۆبونەوەی تر بکەن تا دەریچەیەک بدۆزنەوە و لانی کەم بتوانن لەسەر چەند خاڵی وەکو هەڵبژاردنەکان و مامەڵەی هاوبەش لەگەڵ بەغدا و ئابدەیتی پەیوەندیەکانیان و لەهەموو ئەوانەش گرنگتر بۆ بەرگرتن بە رەوتی دارمانی دەسەڵاتیان و بەرگریکردن لە دەسەڵاتیان لە قەوارەی هەرێمی کوردستاندا!!، بەجێگایەک بگەن.

کێشەی سەرەکی و نێوان پارتی و یەکیتی لە ئێستادا، وەکو کیشەی سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، دەرهێنانی زیاتری دەسەڵاتیانە بەسەر هەرێمی کوردستاندا. کەم کردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و هەوڵی هەر کام لە پارتی و یەکێتی بۆ ئەوەی مەقبولیەتی دەسەڵاتیان لای دەسەڵاتی بەغدا بقەبڵێنن، مەسەلەی میحوەرییە. تەنانەت پرسی هەڵبژاردن کە بەر دەرگای پێ گرتوون و ناچارن ملی پێبدەن و خاڵە ناکۆکیەکانیان کەم بکەنەوە، دوبارە بۆ ئەوەیە بەرگرییەکی پێشگریانە لە بەرامبەر بە هەژموونی بەغدا بەسەر دەسەڵاتیاندا بکەن. مانەوەی پارتی و یەکێتی و قەڵەمرەوی سیاسییان بەسەر هەرێمدا، بەندە بە بوونی هیزی چەکدار و ئەمنی و حزبیان و دەست بەسەراگرتنی داهات و خۆ شەتەک دان و خۆشخزمەتی بە وڵاتانی ناوچەکە کە بۆتە قیبلەی پشتیوانی و مانەوەیان، بەڵام هەموو ئەمانە کەوتونەتە بەردەم هێرش. مەسەلەی یەکخستنی هیزی پیشمەرگە، داهات و پەیوەندیەکانیان و هەڵبژاردنەکان...تاد، خۆیان وابەستەو هۆکاری ئەو ئەزمەیەن کەدەستی ناوەتە بینەقاقایان.

نەپارتی و نە یەکێتی ئامادەنین دەستبەرداری هێزی چەکداری حزبیان ببن، چونکە پایەکی دەسەڵاتیان بەسەر هەریم و خەڵکی کوردستاندا بەندە بەو هێزە چەکدار و ئەمنییە حزبییە. دوورخستنەوەی وەلائی هێزی چەکدار بۆ حزبەکانیان و بێ لایەن بوونیان، نەک دەستیان کورت دەکاتەوە، بەڵکو وەکو هەرەشەیەک تەماشای دەکەن. وە کاتیکیش خۆیان لەوە دەدزنەوە دەکەونە بەردەم گوشاری ئەمریکا و غەرب، کە ئەمە وەکو زەمانەتی مانەوەیان تەماشای دەکەن و کۆتاییهاتنی پشتیوانی ئەمریکا و غەرب لێیان، گوشارێکی ترە. هەروەها گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم لە پەیوەند بە داهات و نەوت و غاز و لیستی موچەخۆران و بودجە و سەرژمێری، لایەنێکی ترە کە پارتی و یەکێتی سنوردار کردۆتەوە و دەکاتەوە. دەسەڵاتی ناوەندی نایەوێت و بودجە وەکو جاران بێ حساب و کتاب، رەوانەی دەسەڵاتی هەرێم بکات، بەڵکو دەیەوێت دەسەڵات لە پەیوەند بە پرسی داهاتە نەوتی و نانەوتیەکان، مل کەچی ڕیکەوتنامەکان و بەغدا بکات، ئەوەش دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ گرفتیکی خنکێنەر رووبەڕوو دەکاتەوە و ئاستی تاڵانی و دزی پارتی و یەکێتی سنوردار دەکات. لە جەرگەی ئەو واقعیەتەدا مەسەلەی پەیوەندیەکانیش، گۆرانی بەسەردا دێت. چ ئیران و چ تورکیا، بە لاواز بوونی دەسەڵاتی هەرێم و کورتکردنەوەی دەسەڵاتیان، مامەڵەیەکی تر لەگەڵ پارتی و یەکێتی و لەلایەکی تریشەوە، لەگەڵ بەغدا دەکەن. وە دەسەڵاتی ناوەندی وەکو میحوەر تەماشا دەکەن و ئاستی پشتیوانیان لە دەسەڵاتی هەرێم و پارتی و یەکێتی کەمتر دەبێتەوە. هەڵبژاردنەکانیش لەدڵی لاواز بوونی دەسەڵاتی هەرێمدا بەرامبەر بەبەغدا و لە ئاستی ناوچەکەدا، ئاڵوگۆر بەسەر هەڵبژاردنەکاندا دەهێنێت و چاوی دنیای دەرەوە وەکو پێشوو لەسەر هەڵبژاردنەکان نابێت. بەتایبەتی کە مافی دەسەڵاتداریێتی و بریاری سیاسی لەدەستی هەرێمدا سنوردار بکرێتەوە خودی هەڵبژاردنیش، ئەو گرنگیەکی جارانی نامێنێت. ئەوە بەجیا لەوەی کە هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکومەت لە هەرێمدا جگە لە رتوشێک و فریوکارییەک بۆ رەسمیەت بەخشین بەدەسەڵاتی حزبۆکراتی شتێکی تر نییە. لەهەموو ئەوانەش واوەتر، نارەزایەتی خەڵکی کوردستان و بێمتمانەیی و زۆرتر لەوەش بایکۆت و بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا، لایەنێکی هەر میحوەرییە کە ئەم مەیدانی فریوکارییەش لەقاو دەدات. پارتی و یەکێتی بەهۆی ئەم گرفتانەوە هەر کۆبونەوەیەک بکەن ناتوانن بگەنە ئامانجی دڵخوازیان و لە ئاست وەڵامدانەوە بەم کیشانەدا نین. دۆخی ئێستا لەوە تێپەیووە کە پارتی و یەکێتی بتوانن بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ بن، تەنانەت دەگیری کێشەی ئیدارەدانی گرفت و قەیرانەکانیشن... هۆکاری ئەوەی پارتی و یەکێتی چەندین کۆبونەوە دەکەن، بەڵام چ ناو کۆبونەوەکانیان نائارامە و دوای کۆبونەوەکانیش ریکەوتنیان لەسەر هەر بەند و پرسێک کردبێت، بەشی ٢٤ سەعات ناکات و بەسەریەکدا دەڕمێت. کۆبونەوەی ئەم دوایەش، رەنگدانەوەی هەمان واقعیەتە، بۆیە تەنها لەسەر هیچ ڕیکەوتن.

*****

## درێژەی: گەورەترین خۆپیشاندان لە لەندەن بۆ ئاگربەستی دەستبەجێ لە غەززە ئەنجامدرا!

ئیسرائیل گەورە و بچووک دەکوژن و گەورەترین نەخۆشخانەی غەززەش دادەخەن. لە ئێستادا هاوڵاتیانی مەدەنی لە غەززە بەدوای پەناگەدا دەگەڕێن لەدڕندەیی هێزەکانی ئیسرائیل، هاوکات هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل تەر و وشکیان نەهێشتووە و خاکی غەززەیان وێران کردووە، ئەمەش شتێکی دروست کردووە کە نەتەوە یەککگرتووەکان بە "جەهەنەم لەسەر زەوی" وەسفی کردووە. بن جەمال، بەڕێوەبەری "کەمپەینی هاوپشتی فەلەستین" کە یارمەتی ڕێکخستنی نارەزایەتییەکەی دابوو، وتی: "بۆردومانی هەڕەمەکی ئیسرائیل تا ئێستا زیاتر لە ١١ هەزار فەلەستینی کوشتووە، لەنێویاندا



نزیکەی ٤ هەزار منداڵ کە ژمارەیەکی زۆری دیکەیان بێسەروشوێنن، کە پێدەچێت لە ژێر داروپەردووی ماڵەکانی خۆیاندا مردبن. دەشڵێ، "ئەمە قبوڵ ناکرێت. ئەمانە تاوانی جەنگن."

خۆپیشاندەران هاواریان دەکرد "فەلەستینی ئازاد" و "ئاگربەست هەر ئێستا."

ڕێپێوانەکە لە نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە لە هاید پارکەوە دەستپێکرد، کاتێک نارەزایەتییەکە گەیشتە باڵوێزخانەی ئەمریکا، هێشتا بە دریژایی ٣ میل خۆپیشاندەر مابوو بگاتە باڵوێزخانەکە. هەروەها چەندین وێستگەی قیتاری ژێر زەوی لە سەرتاسەری شارەکەدا داخران بەهۆی قەرەباڵغییەکی زۆرەوە. خۆپیشاندەرێک وتی، "بەرپرسیارێتی ئێمە وەک مرۆڤ ئەوەیە کە دژی ئەم دڕندەییە بوەستین کە ڕوودەدات." جەختیشی لەسەر کاریگەری خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان دەکرد و وتی: "دەنگی بەکۆمەڵمان پاڵ بە حکومەتەکان و سەرکردەکانی جیهانەوە دەبێت هەڵوێستیان بگۆڕن." هەروەها، "دەتانتوانی ببینن کە خەڵک زۆر تورە بوو لەوەی ئاو و کارەبا بۆ غەززە ڕاگیراوە بێ سزادانی ئیسرائیل." دەشیوت، بە ئاماژەدان بە ڕاپرسییەکی کۆمپانیای YouGov لەسەدا ٧٦ی بەریتانییەکان پشتگیری لە ئاگربەست دەکەن، "سیاسەتمەدارەکانمان دەبێت وەڵامی دەنگی خەڵک بدەنەوە." خۆپیشاندانەکە لە "ڕۆژی ئاگربەستدا" ئەنجامدرا کە یادی ئەو سەربازانە دەکاتەوە کە لە جەنگی یەکەمدا گیانیان لەدەستداوە. بەڵام وەزیری ناوخۆی بەریتانیا یادەکەی بۆ هاندانی توندوتیژی بەکارهێنا. وەزیری ناوخۆ خۆپیشاندان بۆ لایەنگری فەلەستین بە "ڕێپێوانی ڕق و کینە بەرانبەر ئیسرائیل" ناو برد، دەشیوت خۆپشاندانەکەی ڕۆژی شەممە "مەترسی لەسەر یادی ڕۆژی ئاگربەست دروست دەکات."
لە هەمان کاتدا خۆپیشاندانێکی ڕاستڕەوەکان بەڕێوەدەچوو کە دەیانوت بۆ پاراستنی "پەیکەری سەربازی ونبوو" خۆپیشاندان دەکەین، لەگەڵ پۆلیسدا تێکهەڵچوون و بووە هۆی دەستگیرکردنی ٨٢ کەس.
یەکێک لە خۆپیشاندەرانی تەمەن ٥٤ساڵ، خۆپیشاندان بۆ لایەنگری فەلەستینی بە "گەورە" وەسف کرد و وتی خەڵک "بە قووڵی ڕێزیان لە 'ڕۆژی ئاگربەست' گرت". وتیشی: "بەڕاستی دڵخۆشم کە جەماوەرێکی زۆر هاتبوونە دەرەوە. سەرەڕای ئەو هەموو قسە تۆقێنەرانەی وەزیری ناوخۆ، سەرۆک وەزیران، وەزیرەکانی دیکە کردیان. "خەڵک هێشتا بۆ مومارەسەی مافە دیموکراسیەکانی خۆیان و پشتگیری فەلەستینییەکان هاتنە سەر شەقامەکان."

لە کۆتایی ڕێپێوانەکە و لە بەردەم باڵوێزخانەی ئەمەریکا، جێرمی کۆربین سەرۆکی پێشووی پارتی کرێکاران بە خۆپیشاندەرانی وت: "ئەوان گوتیان نابێت لە ڕۆژی یادکردنەوەدا ڕێپێوان بکەین. باشە من بە سادەیی ئەمە دەڵێم، ئێمە بۆ یادی هەموو ئەو کەسانە ڕێپێوان دەکەین کە لە هەموو شەڕەکاندا، بەشەڕی غەززەشەوە، لە هەموو ململانێکاندا گیانیان لەدەستداوە."

**نووسینی: توانا حەمە نوری**

# ڕۆڵی چینی کرێکار لە بزوتنەوەی دژی داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیلیدا!

عەبدوڵا مەحمود

داگیرکاری و هێرشی بەردەوامی دەوڵەتی قەومی و دینی ئیسرائیل بۆسەر خەڵکی فەلەستین و غەززە، بزوتنەوەیەکی فراوانی لە ئاستی دنیادا هیناوەتە سەر شەقام و ناوەندی زۆریک لە وڵاتەکانی دنیا، لە ئەمریکا و ئەورووپاوە بۆ وڵاتانی عەرەبی و تا ناو خودی دەوڵەتی ئیسرائیل.

ئەم بزوتنەوەیە کە میژوویەکی دوورو درێژی هەیەو لەچەندین برگەدا مۆری خۆیداوە لە روداوەکان و پرسە جیهانی و ناوچەییەکان و گوشار و لەوەش زیاتر رۆڵی بووە لە یەکلاکردنەوەیاندا. بزوتنەوەی بەرگری لە کێشەی فەلەستین بەدریژایی داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل، بزوتنەوەی وەستانەوە بەرووی ئاپارتایدی رەگەزی لە خواروی ئەفریقا، بزوتنەوەی وەستانەوەو شکست پێدانی ئەمریکا، لە فێتنام، بزوتنەوەی دژە داگیرکاری عیراق لەلایەن ئەمریکاوە، بزوتنەوەی بەرگری لە خۆراگری خەلکی کۆبانی لە دژی داعش و هێزەکانی پشتیوانیان... گۆشە بەگۆشەی شکۆداری بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانە، کە نەک فریوی بانگەشە و میدیای راست و دەوڵەتی و نێودەوڵەتی نەخواردووە، بەڵکو لە بەرامبەریدا نمایشی هێزی خۆی و لەوەش زیاتر ئاسۆی جیاوازی خۆی خستۆتە ڕوو.

لەهەموو ئەو بزوتنەوە رادیکاڵ و پێشکەتنخواز و ئینسانیەیدا، رۆڵی چینی کرێکار میحوەر و بەشی هەرە کاریگەری بووە. لە بزوتنەوەی دژی داگیرکاری ئیسرائیلدا جارێکی تر ریکخراوەو یەکێتییە کرێکارییەکان رۆژ بەرۆژ بەشداری و کاریگەریان زیاتر دەبێت و پشتیوانیان لە کێشەی چارەسەری فەلەستین بەرەو هەڵکشان، دەچێت. بزوتنەوەی نارەزایەتی لە جەرگەی شار و پایەتەختی وڵاتەکاندا، چەند مایەی ئومێد و نیشانەی بێداری ئینسانیەتی وێڵ بەدوای ئاشتی و ئارامی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیەوەیە، هێندەش زیاتر مۆردانی لە واقعیەتی کۆمەلایەتی کۆمەڵگە لە ئاستی دنیادا و سەرکەوتنی لە گرەوی هاتنە مەیدانی چینی کریکار لە شوێنی کار و راگرتنی چەرخەکانی بەرهەم هێنادایە.

هاتنە مەیدان و پەیوەست بوونی ریکخراو و یەکێتییە کرێکارییەکان و مانگرتنی کریکاران لە بەشێک لە کارگەکانی چەکسازی و ئامادەنەبوونی بۆ بارکردن و ناردنی چەک بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، هەر رەتکردنەوەی داگیرکاری و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل نییە، بەڵکو لەهەمان کاتدا رەتکردنەوەی سیاسەتی وڵاتەکانیانە لە پشتیوانی لە دەوڵەتی ئیسرائیل و داگیرکاری و لەوانەش میحوەری تر، بەیان کردنی هاوپشتی و هاوکاری چینایەتی کرێکارانە لە بەرامبەر بە هاوکاری و دەست لەناو دەست نانی دەوڵەت و وڵاتەکان بۆ بەرگری لەداگیرکاری و بەدەستەوە گرتنی لۆژیک و حەربەی جەنگ بۆ یەکلاییکردنەوەی کیشەو ئەو ئەزمە سیاسی و ئابوریانەی بەشێکی دانەبراوە لە سیستەمی سەرمایەداری.

هاتنە مەیدانی کرێکارانی بارهەڵگری بەندەی بەرشەلۆنەی ئیسپانیا، کە رایان گەیاند چەک و کەرەسەی سەربازی بۆ ئیسرائیل بار ناکەن و داوایان لە کرێکارانی سەرجەم بەندەرەکانی تر کرد کە پێیانەوە پەیوەست بن. نەقابە کریکارییەکانی بەلجیکا و هاوکات لەگەڵ چەند سەندیکای تر کە کاریان گواستنەوەیە لە رێگەی ئاسمان و دەریاوە، راگرت، هەروەها کرێکارانی فرۆکەخانەی نێودەولەتی ئاتین لە یۆنان، جگە لەوەی دەستیان داوەتە نارەزایەتی لەدژی داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ غەززە داوایان لەسەرجەم کرێکارانی بەندەرەکان کردووە کە بارکردن و گواستنەوەی چەک و وەسائیلی جەنگی رابگرن بۆ ئیسرائیل و دەوڵەتانی ناتۆ و غەرب. کرێکارانی چەند بەندەری ئەمریکا لەچوارچیوەی نارەزایەتی بەداگیرکاری ئیسرائیل و پشتیوانی ئەمریکا، ریگەی ناردنی چەکیان گرتووە. هاوکات بەشێک لە کرێکاران بەشێوەی رێکخراو و لەسەر داوای پارتی سۆشیالیستە دیموکراتیەکانی ئەمریکا، بە ریزی دورو درێژ و پاڵکەوتن لەسەر زەوی تەواوی رێگای گواستنەوەی چەکیان لە بەردەم کۆمپانیای زەبەلاحی چەکی "بۆینگ سەنت چارلز"، گرت. هاوکات لە بەریتانیا، کالیفۆرنیا، دانیمارک و زۆر ولات و شاری تری دنیا، کرێکاران بەراگرتنی کار، ریگەگرتن لە گواستنەوەو بارکردنی چەک و کەرەسەی سەربازی بۆ ئیسرائیل و وڵاتانی پشتیوانی و کۆبونەوە نارەزایەتی، بزوتنەوەی دژە داگیرکاری ئیسرائیل و ئەمریکاو غەربیان، تەکان پێداوە و تا دێتیش ئەم بزوتنەوە کرێکارییە فراوانترو ریکخراو تر دەبێت...




هاتنە مەیدانی چینی کرێکار وەکو هێزێکی کاریگەر و شادەماری بەرهەمهێنان بەدژی داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل و هاوکاری و پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا مۆبارەکە کردن لە دەوڵەتی دڕندەی ئیسرائیل بۆ کوشتار و کۆمەڵکوژییەکی ئاشکرا، بەشێکە لە رووبەڕووبوونەوەیەکی فراوانتری چینایەتی بەرووی نیزامی سەرمایەدارییدا، کە دنیای خستۆتە سەر لێواری دۆزەخ و جەنگ و جەنگی نیابەتی کردۆتە بەشێکی دانەبڕاو بۆ پارێزگاری لە نیزامی سەرەوخواری سەرمایەداری و ئارایشدانەوەی بەردەوامی بەش و دەستکەوتەکان لە دڵی ئاڵوگۆر و دنیا پێگرتنی دوبارەی قوتبەندییەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا.

کاریگەری بزوتنەوەی دژە داگیرکاری و جەنگ و هاتنە مەیدانی چینی کریکار وەکو میحوەر و لێدانی دڵی ئەم بزوتنەوەیە، لە ئاستی ئەورووپا و ئەمریکاو دنیادا، زۆر لە کاریگەری دەست لەناو دەست نانی وڵاتانی ئەمریکا و غەرب و چەکە مەرگچێن و میدیای نۆکەریان بەهێزترە. چینی کرێکار بەپێی پێگە هەستیار و گرنگەکەی لە مەیدانی ئابوری و بەرهەم هێناندا، دەتوانێ هێزی یەکلایی کەرەوە بێت. بەهێزتر بوون و ریکخراوتر بوون و سەراسەری و هاوئاهەنگی زیاتری کرێکارانی ولاتەکان، بەجیا لەوەی دەتوانێت کۆتایی بە جەنگخوازی و داگیرکاری ئیسرائیل بهێنێت و مۆری خۆی بدات لە چارەسەری پرسی فەلەستین، هاوکات ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی چینایەتی ئومید بەخشە لە دژی دەوڵەتەکانیان، لە پێناو ئایندەیەک و دنیایەکی باشتردا.

*****

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..


bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.ne

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ، بەڕێز جیهاد حەمە کەریم، وەڵامی پرسی ڕۆژی ژمارەی داوەتەوە...



**پرسی ڕۆژ: ماوەی پتر مانگێکە فێرگەکانی سنووری زۆنی سەوز( شاروشارۆچکەکانی دەوروبەری سلێمان، هەڵەبجە وئیدارەی گەرمیان وراپەڕین) مامۆستایانی جێگیر وگرێبەست مانیان گرتوووە وفێرگە حکومیەکان داخراون، وخوێندن بۆساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ تاوەکو ئێستا دەستپێنەکردووە.**

**بەڕای بەڕێزتان نەکردنەوەی دەرگای فێرگەکان چ لێکەوتەیەکی زانستی وسایکۆلۆجی نزیك ماوە ودوورماوەی لێدەکەوێتەوە؟**

**بەڕێز جیهاد حەمەکەریم بەمشێوەیە وەڵامی ئەم پرسەی داینەوە:**

**جیهاد حەمەکەریم:** بە پێی بڕیاری وەزارەتی پەروەردەی کوردستان، دەبوو لە ١٣ ی ئەیلوولی ئەمساڵەوە(٢٠٢٣) زەنگی کردنەوەی دەرگای هەموو فێرگەکانی کوردستان لێ بدرایە. وەك هەر بەزم ورەزمێکی تر وگاڵتەپێکردنی دەسەڵات بە خەڵکی کوردستان، بە نیوەناچڵی زەنگی کردنەوەی دەرگای فێرگەکان لە هەولێر و دهۆك لێدرا و لە سلێمانی وهەڵەبجە وگەرمیان وراپەڕین و قەزا و ناحیەکانی لێنەدرا. هەڵبەت هۆکاری ئەمەش بایکۆتی مامۆستایانی پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری بوو.

مامۆستایانی سلێمانی و دەوروبەری ماوەی دوو مانگە بایکۆتیان ڕاگەیاندووە وبڕیاریان داوە، کە دەرگای فێرگەکان نەکەنەوە تا کێشەی مووچەی خۆیان و فەرمانبەر و کارمەندانی دامودەزگاکانی تر چارەسەر نەکرێت. مەرجیشیان ئەوەیە: کە دەبێت لانی کەم مووچەی دوو مانگ بەسەریەکەوە وەربگرن، ودڵنیایان بکەنەوە کە لەمەودوا لە کاتی خۆیدا مانگانە مووچەکانیان بدرێتێ.

کێشەمەکێشی سیاسیی و حیزبیی و لووتبەرزیی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان وعێراق، ئاگرێکە بەربووەتە گیانی خەڵك بە گشتی وبە تایبەتی مووچەخۆران و مامۆستایان.

لە ساڵی (٢٠١٤) وە تا ئێستا ٧١حەفتا و یەکجار مامۆستایان خۆپیشاندانیان کردووە وڕژاونەتە سەر شەقامەکانی کوردستان، وداوای ڕزگاربوونیان دەکەن لەم نادادپەروەریی وبێمووچەیی ومووچە بڕین وبە دووەمانگ جارێك مووچەدان بە نیوەناچڵیی. لە ماوەی ئەم نۆساڵەدا بۆ یەکجاریش بە جددی دەسەڵاتە کەڕولاڵەکەی هەرێم و عێراق وەڵامێکی ئەرێنیان نەداوەتەوە، بە پێچەوانەوە زۆر جار بە لێدان و هەڕەشەکردن و پەلاماردان خۆپیشاندانەکانیان کۆتایی پێ هێناوە!

ئەم بابەتە قێزەونەی دەسەڵات وخۆ کەڕولاڵکردن وگوێپێنەدان بەکردنەوەی فێرگەکان، باری دەروونی مامۆستا و دایك وباوكی منداڵان وخودی منداڵانیشی تێکداوە.

مامۆستایان ئازیز دووجار باری دەروونیان بەدەست ئەم دۆخە ناهەموار ونامرۆییەیەوە، تێکچووە، چونکە مامۆستایان بە هیچ شێوەیەك بایکۆتکردنیان پێیان خۆش نییە، بەڵام لە ناچارییانەوە وەك فشارێك بۆ سەر دەسەڵات ئەم هەنگاوەیان ناوە. لەلایەکەوە لە خەمی قوڵی بژێوی منداڵ وخێزانەکانی خۆیاندان، لە لایەکی تریشەوە لە خەمی قوڵی نەکردنەوەی دەرگاری فێرگەکانیاندان. لەلایەکی ترەوە منداڵانی کوردستان وەك مامۆستاکان بە دوو شێوە لە بارێکی دەروونی خرپادان بە هۆی نەکردنەوەی دەرگاری فێرگەکانیان، جارێك لە خەمی قوڵی لەدەستدانی پەروەدە وخوێندنی خۆیاندان ولەلایەکی تریش هەست بەو نادادپەروەرییە چینایەتیە دەکەن؛ کە منداڵانی دەوڵەمەند وبەرپرسە حکومی وحزبیەکان لە فێرگە تایبەتەکاندا خوێندنیان لە کیس ناچێت ووەك ئەمان




دواناکەون.

ئەم نادادپەروەریی وزەقکردنەوەی چینایەتیە، هەتا بڵێی باری دەروونی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانی تێکداوە.

چارەسەری ئەم کێشە و گرفتە گەورەیە، کە ئەنجامێکی زۆر خراپ لەسەر خەڵکی کوردستان دادەنێت، تەنها ئەوەیە کە دەسەڵاتداران واز لە سەرکێشیی وستەمکاریی خۆیان بهێنن وچارەسەری کێشەی مووچەی مامۆستایان وهەموو مووچەخورانی کوردستان بکەن.

*******

**مامۆستایان ئازیز دووجار باری دەروونیان بەدەست ئەم دۆخە ناهەموار ونامرۆییەیەوە، تێکچووە، چونکە مامۆستایان بە هیچ شێوەیەك بایکۆتکردنیان پێیان خۆش نییە، بەڵام لە ناچارییانەوە وەك فشارێك بۆ سەر دەسەڵات ئەم هەنگاوەیان ناوە. لەلایەکەوە لە خەمی قوڵی بژێوی منداڵ وخێزانەکانی خۆیاندان، لە لایەکی تریشەوە لە خەمی قوڵی نەکردنەوەی دەرگاری فێرگەکانیاندان...**



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## شانەی پایەییی حیزبی و "هەڵسووڕانی پایەیی"ی حیزب

### بەشی حەوتەم

**٢) شانەی پایەییی حیزبی و "هەڵسووڕانی پایەیی"ی حیزب**

شانە بچووکترین بەشی پایەییی حیزبە، کە لە کارخانەیەک یان گەڕەکێکدا پێکهاتووە. لەم ڕوانگەیەوە، شانە ئەرکی ڕۆتین و پێناسەکراوی لەسەر شانە. بەڵام "هەڵسوڕانی پایەیی" حیزب لە کارخانە و لە گەڕەک لە سنووری هەڵسووڕانی ڕۆتینی شانەیەک واوەترە. "هەڵسووڕانی پایەیی" حیزب یانی تەبلیغ، تەرویج و ڕێکخستن و ڕابەرایەتیکردنی خەبات لە یەک کارخانە یان بەش (کە کۆمەڵێک کارخانە و گەڕەکی کرێکاری دەگرێتەوە)، شتێکی زیاترە لە تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنێک، کە لەلایەن یەک یان چەند شانەی بنەڕەتییەوە ئەنجام دەدرێت. ئەو بەشە ڕێکخراوەیییەی، کە بەپێی پێناسە ئەرکی بەرەوپێشبردنی ئەو ئاستە لە هەڵسووڕانی هەیە، ئیتر شانە نییە، بەڵکوو کۆمیتەیەکی ڕێکخراوەیییە (کۆمیتەی کارخانە، بەش ناحیە و ... شتی تر). ئەرکە تەبلیغی و تەرویجی و ڕێکخراوەییەکانی شانەیەک سنوورێکی دیاریکراوی هەیە. دەتوانرێت ڕێکخستنی ئەڵقە تەرویجییەکان و تۆڕەکانی دابەشکردنی بڵاوکراوە و کۆکردنەوەی یارمەتیی ماڵی و لەم جۆرە شتانە لە شانەیەک داوا بکرێت، بەڵام ڕێکخستنی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان ناتوانرێت هەروا بە سادەیی لە یەک شانە چاوەڕوان بکرێت. ئەمانە ناتوانرێت بەشێک بن لەو ئەرکانەی کە شانە دەبێ جێبەجێیان بکات. ئەمانە ئیتر ئەرکی کۆمیتە ڕێکخراوەیییەکانن، بە واتایەکی تر دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەرکەکانی شانە وەک بەشی هەرە بچووکی پایەیی لەگەڵ "هەڵسووڕانی پایەیی" حیزبیدا یانی لەگەڵ ئەو چەندایەتی و چۆنایەتییە لە هەڵسووڕان، کە لە حازربوونی هەمەلایەنەی حیزب لە یەک کارخانە یان ناوچەدا چاوەڕێ دەکرێت. سەبارەت بە یەکەمیان ئێمە لەسەر کارکردەکانی یەک بەش و یەک شانەی پایەیی ڕێکخراوەیی دەکەین و سەبارەت بە دووەم، باس لەسەر هەموو ئەو چالاکییانەیە، کە حیزب دەبێت لە دواشیکردنەوەدا لەهەر بەشێکی کارخانەیی و ناوچەییدا بتوانێت بەرەو پێشی بەرێت.

بەڵام ئایا ئەم خاڵانە چ پەیوەندییەکیان بە مەسەلەی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنەوە هەیە؟ پەیوەندیی مەسەلەکە لێرەدایە، کە تا ئەو جێگەیەی، شانەکانمان بە مانای تایبەتیی وشە لەبەرچاوە، ناتوانرێت ڕێکخستن و ڕێنماییکردنی ئاژیتاتۆرەکان وەک ئەرکێکی لێبڕاوانەی ئەوان چاولێ بکرێت (واتە ئەرکێک، کە بەبێ ئەنجامدانی، شانەکان کامڵ نەبن). هەر شانەیەکی ڕێکخراوەیی لێپرسراو نییە، کە بە حەتمی یەک یان چەند ڕابەری عەلەنیی کرێکاری ڕێک بخات و پێداویستییەکانیان ئامادە بکات. ڕێکخستنی ئاژیتاتۆرە کۆمۆنیستییە شەعبی و عەلەنییەکان بە مانای واوەتر چوونە لە سنووری ئەرکە پێناسەکراوەکانی یەک شانە.

بەم پێیە یەکەم، هەمیشە کۆمەڵە شانەیەک دەتوانن لەئارادا بن، کە بێ ئاژیتاتۆری شەعبی بن، دووەم، ئەو شانانەش کە خاوەنی ئەو ئیمکانییەت و توانایەن، کە ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری لە پەیوەند بە خۆیانەوە و لەژێر ئاڵای حیزبی کۆمۆنیستدا ڕێکخراو بکەن، کەم تا زۆر دەیانەوێت خۆیان لە چوارچێوەی یەک شانە واوەتر بەرن. لێرەدا ئیتر هەنگاوێکی بەکردەوە بۆ شکڵگرتنی ئۆرگانە بەرزترە حیزبییەکان (وەک کۆمیتەکانی کارخانە) هەڵدەهێنرێتەوە.

ئێمە وەک یەک پایە و یەک ئەولەوییەت، لێبڕاوانە خوازیاری دروستکردن و زیادکردنی شانە بنەڕەتییەکان و ئەنجامدانی ڕێکوپێکی ئەرکە پێناسەکراوەکانی شانەکانین لەلایەن شانەکانەوە. ئەمە ئەو زیندوویەتییە هەمیشەیی و ئەو توخمە هەمیشەیییەی گەشەسەندنە، کە هەر چالاکییەکی ئاڵۆزتر و کامڵتری حیزبی، لە هەر قۆناغێکی ژیانی حیزبدا، دەبێت پشتی پێ ببەستێت و بیکاتە بنەما. ئەم کارە وەستانی بۆ نییە و هەرگیز لە ئەولەوییەت ناکەوێ. لەسەر بنەمای ئەم گەشەسەندنە هەمیشەیییەی ژێرەوە، حیزبی ئێمە دەتوانێ پێ بنێتە مەیدانی "تازە"وە و ئەرکی ئاڵۆزتر و ئاوێتەتر بخاتە دەستووری کاری خۆیەوە و سەرەنجام ئۆرگانە ڕێکخراوەیییە ئاوێتە و بەرزترەکان لە پەیکەری ڕێکخراوەیی حیزبدا بهێنێتە کایەوە. ڕاکێشان و ڕێکخستنی ئاژیتاتۆرەکان و بەرەوپێشبردنی مەسەلەی ئاژیتاسیۆنی جەماوەری و ڕابەریکردنی عەمەلیی ئاکسیۆنەکان یەکێکە لەم مەیدانانە.

لەم دەورەیە لە کاری حیزبی کۆمۆنیستدا، پێ خستنە ئەم مەیدانانە و شکڵپێدانی ئۆرگانەکان و ئەندامە باڵاترە حیزبییەکان یانی، هەموو ڕێکخراوی حیزبیی کارگە بە ئەرکە جۆراوجۆرەکانییەوە، پێش ئەوەی ئەنجامی یەک هەڵوێستی "لەسەرەوە" و بە پێی پەیڕەوی ناوخۆیی بێت، ئەنجامی یەک کامڵبوون و گەشەکردنە لەژێرەوە. ئامانجی ئەم باسەی ئێستا ئەوەیە کە ئەم ئاسۆی گەشەکردنە، لە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانیدا بخرێتە ڕوو.

بەڵام ئەوەی کە سەرنجی شانەکان بە گشتی، ڕووەو مەسەلەی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی جەماوەری ڕادەکێشین و لەم باسەدا هەموو شانەکان بانگەواز دەکەین، لەو ڕووەوەیە، کە یەکەم، هەموو شانەکان و هەڵسووڕانی حیزب ڕووە و کاری سیاسی (و لە قوناغەکانی دواتردا ڕێکخراوەیی) لەگەڵ ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری ئاراستە بکەین. گرنگی ئەم توێژە لە چینەکە دەبێت بۆ گشتمان ئاشکرا بێت. دووەم، هەنگاوەکانی دواتری ئەو شانانەش، کە هەر ئێستا خاوەنی ئیمکاناتی سەرەتایی و توانایی پێویستن بۆ پێ خستنە ئەم مەیدانەی هەڵسووڕانەوە دیاری بکەین. بۆ زۆربەی شانەکان باسەکەی ئێمە لە سنووری یەک دەرسی شێوەکار و وەک پێداگرتنێک لەسەر یەک لایەنگریی گشتی، بەڵام گرنگ، دەمێنێتەوە. بۆ بەشێکی تر ناوەڕۆکی ئەم باسە دەتوانێت ڕێنماییەک بێت بۆ کاری دیاریکراو هەر لە ئێستادا.

**درێژەی هەیە...**

# قەرز وەکو دەستکەوت، فریوکارییەکی بێ وێنە...

دوای ناکامی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد لەسەر زامنکردنی بودجەو شایستە داراییەکانی هەرێم و ڕازیکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی بەغدا، سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەگشتی و پارتی دیموکراتی کورستان بەتایبەتی، بۆ بەرگرتن بە نارەزایەتی حەقخوازانەی خەلکی کوردستان، کەوتنە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، بەڵام نەک بۆ جێگیرکردنی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم، بەڵکو بۆ قەرز وەرگرتن تا بتوانن بەشێک یان موچەی مانگێک لە سێ مانگی موچەی موچەخۆرانی هەرێم بدەن. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە دەسەڵاتی هەرێم پارەی لەدەستدا نەبێت و توانای دانی موچەخۆرانی نەبێت، بەڵکو بۆ خۆدزینەوە و شان خاڵی کردنەوەیە لە دابەش کردنی موچە بە پاساوی بەرپرسیارکردنی بەغدا لە دابینکردنی موچە. هەموو کەسێکی هوشیار لە کوردستان ئەوە دەزانێت، کە دەسەڵاتی هەرێم بە داهاتی ناوخۆیی و بەو هەموو ڕێگایانەی داهات کە لە گیرفانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش دەری دەکێشن، بەو هەموو قاچاخچیتی نەوت و نانەوتیانەی لە خاڵە گومرگیەکان، لەوانە باج و سەرانە دەستیان دەکەوێت، دەتوانن موچەی موچەخۆران بدەن، بەڵام ئامادەنین بەشێک لە داهاتی خودی هەرێم بۆ خەلکی کوردستان لە پای کارو ماندووبوونیان وەکو مافێکی سەرەتایی خۆیان بدەن. لەوەش سەیر ترو چاوەروانکراوتر ئەوەیە دەستەو دامێنی بەغدا و ئەو دەسەلاتە دەبن کە ڕۆژانە تۆمەتباری دەکەن بەعەقلیەتی شۆڤینیستی و هەڵگەراوە لە ڕیکەوتنامەکان و پابەند نەبوون بەدەستور و مافەکانی خەڵکی کوردستان و قەرزکردن وەکو دەستکەوت و سەرکەوتنی دیبلۆماسی کوردی بەسەر بەغدادا، دەخەنە ڕوو.

لەبەغدا موفلیسەوە، موفلیسی خۆیان رادەگەیەنن و قەرزیش وەکو دەستکەوت رادەگەیەنن. هەرچی دەوڵەت و رژێم و دەسەڵات هەیە، تا دەگاتە کۆمپانیاو کەسێکیش، کاتێک دەست بۆ قەرزکردن دەبات، نیشانەی خۆشحاڵی نییەو قەرزکردن بە دەستکەوت نازانێت و کەسی قەرزدار خۆی لە ژێر گوشاردا دەبینێت، کەچی دەسەڵاتی بۆژوازی کورد و نامۆ بەهەموو پێوانەیەکی سەلمێنراو قەرزکردن بەسەرکەوتن دەرخواردی کۆمەڵگە دەدەن، ئەوە لە کاتێکدایە زوربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان لە قەرزداری تێدەگەن و دەزانن چ مۆتەکەیەکی رەزاقورس و چ گوشاریکە لەسەریان. قەرزکردن دانەوەو پابەند بوونی بە کات و سودی تیدایە، بەتایبەتی بۆ دەسەڵات و مامەڵە بانکی، واتە ئەگەر لە کاتی خۆیدا قەرەزەکە نەدەیتەوە دەکەوێتە ژێر گوشاری دانەوەی سودی قەرزەکەش، بەجیا لەخودی قەرزەکە.

جیا لەوانە ئەگەر بەغدا و دەسەڵاتی ناوەند قەرزی سێ مانگیان دا بە هەرێم، پرسیار ئەوەیە ئەی موچەی ئەو مانگانەی کە هێشتا نەدراوە کەی دابەش دەکرێت و بۆ موچەخۆران دەگێڕدرێتەوە، یان دوای ئەو سێ مانگە کە بەغدا قەرز بە دەسەلاتی ناوەند دەدات، پرسی دابەشکردنی موچەی چی بەسەر دێت و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد چ پلانێکی هەیە؟ وەڵامدانەوە بەهەرکام لەو پرسیارانە دیسان ئەو راستییە دەخاتە ڕوو کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، خاوەنی هیچ نەخشەو پلانێک نییە و لەوە دەرچووە بتوانێت وەڵام بە کەمترین لەخواستەکانی خەڵکی کوردستان بداتەوە. چەندین مانگە مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ و موچەخۆران و بەشی زۆری خەڵکی کوردستان دوبارە دەستیان داوەتە نارەزایەتی دەربڕین و داوای مافی زۆر رەواو سادەی خۆیان دەکەن، کەچی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم ئاگاهانە خۆیان لە وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانیان دەخەوێنن و تەنانەت ئامادەنین، لەگەڵ نوێنەرانی مامۆستایان و نارازیان کۆبوونەوە، ئەمەش دەرخەری ئەو راستیەیە کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم نەک لە ئاستی وەڵامدانەوە بەخواستی گشتی خەڵکی کوردستاندا نییە، بەڵکو لەدژی خواست و ئیرادەی ئەوان سەنگەری گرتووە.

ئەو قەرزەش کە هەرێم لە بەغدا وەری دەگرێت، و وەکو دەستکەوت و سەرکەوتن نیشانی دەدات، دوبارە لە بودجەی داهاتووی هەرێم لەلایەن بەغداوە دەبڕدرێت، ئەمەش دیسان دەبێتە کێشە و کورتهێنانی دوبارەی موچە. خۆ ئەگەر ئەوەش بەکردەوە روونەدات، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، ئەوە دەکاتە پاساوی کورتهێنانی موچە، بۆ دزین و لوشدان و خۆ دزینەوە لە دابەشکردنی موچەو گێرانەوەی موچەکانی پیشووی موچەخۆران و بە پاشەکەوتی موچەشەوە.

چاوەڕوان مانەوە بەوەی دەسەڵاتی هەریم و بەغدا لەسەر پرسی موچە و شایستە داراییەکانی وەکو یەکێک لە ململانێی بەردەوامەکانی نێوانیان، بە ڕێکەوتن بگەن لەوەهمێک زیاتر نییە، بەتایبەتی کە ئەم پرسە بەتەواوەتی بە سیاسی کراوە هەر دوولاش مامەڵەی سیاسی بەو کەیسەوە دەکەن، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن پرسی دواکەوتنی موچەو دابەش نەکردنی چ مۆتەکەیەکە لەسەر دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان.

لەبەرامبەر بەو دۆخەدا، ڕێگای دروست و تەندروست تەنها و تەنها درێژەدانە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی و فروانکردن و سەراسەری کردنەوە و دەستبردن بۆ ڕێکخراوبوون، تا لەو ڕێگایەوە دەسەڵاتی سیاسی لە مەنگەنە بدرێت و ناچار بەوە بکرێت، موچەو خزمەتگوزارییەکان وەکو مافێکی سادەو رەوا زامن بکات.

**عەبدوڵا مەحمود**

# توندوتیژی خێزانی

نووسینی: هاوژین ڕەشید



پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکیدا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە...

بەرپرسی گۆشە، هاوژین ڕەشید

haw1986zhin@gmail.com

توندوتیژی خێزانی بریتییە لە هەر ڕەفتارێکی نەشیاو و توندو ڕەقی یەکێک لە هاوسەرەکان بەرامبەر بەویتر بۆئەوەی کۆنترۆڵی بکەن و دەست بەسەر هەمووشتێکیدا بگرن. ئەو ڕەفتارانە وادەکات کەسەکە هەست بە کەمی خۆی بکات و کەسێتی لاوازبێت. هیچ باوەڕ بەخۆبوونی نامێنێت. ئەو ڕەفتارانە وەکو: شکاندنەوەی هاوسەرەکەی لەبەردەمی خەڵک. ئەمە وادەکات کەسەکە تەریقبێتەوە و بشکێتەوە. هەڕەشەکردن و لێدان و هەندێجار کوشتنیشی لێدەکەوێتەوە. بەکەم زانینی توانای بەرامبەر و ستاییش نەکردنی لەبەرامبەر کارە باشەکانی. کەسەکە بەردەوام



هەر دەرفەتێکی بۆ برەخسێ، لە تواناکانی ژنەکەی یان مێردەکەی کەم دەکاتەوە. وەکو ئەوەی پێی دەڵێ: تۆ چی؟ تۆ بەبێ من هیچ نیت. کحول خواردنەوەی لەڕادەبەدەر و لەگەڵیشیدا سوکایەتیکردن بە ژنەکە. ئەوەش ژیانی خێزانی دەکاتە دۆزەخ. کارێک دەکات بەرامبەرەکەی پێی وابێت کە هیچ ڕێگایەک نییە بۆ ڕزگاربوون لەو پەیوەندییە. ئەمەش بەرامبەرەکەی نائومێد و شکاو و دەروون ڕوخاو دەکات. دوای هەر شەڕێک یان توندوتیژییەک بەجێی دەهێڵێ بە عەقڵی خۆی تا وانەیەکی فێرکات. بێ ئەوەی داوای لێبووردنی لێبکات. ئەوانە ئەو حاڵەت و ڕەفتارانەن کە دەبنە هۆی نارەحەتی. زۆربەی قوربانییەکانی توند و تیژیەکانیش ژنانن. منداڵەکانیش کاتێ چاو لەو دۆخە دەکەن و دەبینن دایکیان دەچەوسێتەوە، ئیتر ئەوانیش دۆخی دەروونییان تێکدەچێت و زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لەو جۆرە خێزانانەوە پەیدا دەبن، لە داهاتوودا کەسێتییەکی توڕەو شەڕەنگێز دەردەچن. ماوەتەوە بڵێم: ئەگەر کەسێکی قوربانی توندوتیژی، دەبێ ئەوە بزانی کە هیچ تاوانی تۆ نییە، بەڵکو تاوانی بەرامبەرەکەتە کە دەبێ چارەسەری دەروونی خۆی بکات. ئەگەر وانەبێت، مانەوەی زیاتر لە پەیوەندیدا لەگەڵ کەسێکی وادا هیچ باش نییەو چ زووە کۆتایی پێبێنیت باشترە.

******

# چەمکی توندوتیژی دژی ئافرەتان و مێژوویەکی قێزەون!



نووسینی شوانە حەسەن ئەبوبەکر

**توندوتیژی دژ بە ئافرەتان واتا چی؟**

بەشێوازێکی گشتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەمانای هەر جۆرە زەبرو کاردانەوەیەکی جەستەیی، زارەکی، دەروونی، سێکسی وهەروەها مەعنەوی دێت، کە لەلایەن کەسێکەوە بەرامبەر ئافرەت، ئەنجام دەدرێت، سەرەنجام دەبێتە هۆکارێک بۆ ئازار گەیاندن بە ئافرەت و لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت.

**ئافرەت کێیە؟**

ئافرەت واتا مرۆڤ، دایک، هاورێ، هاوژین وهەروەها دیوەکەی تری بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتییە بەشێوازە دروستەکەی.

**شێوازەکانی توندوتیژی دژ بەئافرەتان چین؟**

ئەگەر بەشێوازێکی گشتگیر قسە لەسەر جۆرەکانی توندوتیژی دژ بەئافرەتان بکەین دەکرێت خۆیان لەچەند جۆرێکی دیاری توندوتیژی ببیننەوە، وەکو جەستەیی و زارەکی ودەروونی، کەهەریەک لەو جۆرانە دەکرێت بەرامبەر ئافرەت پەیرەو بکرێت، دەشێت لێرەدا فراوانتر باس لەجۆرەکانی بکەین، لەدیاریترینیان توندوتیژی جەستەیی لەرێگای بەکارهێنانی هێزی جەستەییەوە، توندوتیژی دەروونی لەرێگای بەکارهێنانی وشەی نەشیاو، تەشهیر، سەرزەنشت کردن و جۆرەها کاردانەوەی تر کەببێتە هۆکارێک بۆ ئازارگەیاندن بەلایەنی دەروونی ئافرەتان هەروەها توندوتیژی سێکسی ئەوەش لەرێگای لاقەکردن، دەستدرێژی یاخوود ناچارکردنی ئافرەتان بەئەنجامدانی کردەوەیەکی سێکسی دوور لەویستی خۆی، هەروەها توندوتیژی بونیاتنراو لەسەر لایەنی رەگەزی ( جێندەر )، کە خۆی لەسەپاندنی هێزو باڵادەستی رەگەزی نێر دەبینێتەوە بۆ سەر رەگەزی بەرامبەر، ئەوەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرهەڵدانی جۆرەها توندوتیژی. هەروەها توندوتیژی روحی یەکێکی ترە لەدیارترین جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەئامانجی لێدانی وکوشتنی روحییان لەدواجاریشدا هەریەک لەوجۆرانەی ئاماژەیان پێکرا دەشێت بەپێی ژینگەی کۆمەلایەتی، پەروەردەیی، هەروەها ژینگەی کارو ئاستی هۆشیاری تاکەکانیش بگۆردرێت.

**بۆچی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ئەنجامدەدرێت؟**

هۆکارەکان زۆرن، دەکرێت گرنگترینیان لەچەند خالێکدا کورت بکەینەوە وەکو کێشە خێزانی وکۆمەلایەتییەکان کەزۆرجار هۆکارێکی سەرەکین بۆ تێکشکاندنی ئاشتەوایی خێزانی و لەدواجاریشدا کاریگەری نەرێنیان دەبێت بۆسەر لایەنی دەروونی منداڵان بەوەی وەکو گرێیەکی دەروونی تیاندا بەپەنگ خوادوویی بمێنیتەوە ولەدواجاریشدا هەمان ئەو کێشانە لەقۆناغەکانی داهاتووی ژیانی خێزانی وکۆمەلایەتییاندا دووبارە ببنەوە. هەروەها یەکێکی تر لەهۆکارەکان دەکرێت لایەنی ئابووری بێت، بەوپێیەی بوونی داهات و ئابوورییەکی جێگیر وسەربەخۆ بۆ ئافرەتان بەتایبەت دەشێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ جێگیربوونی ژیانی خێزانییان وهەروەها لەسەر ئاستی ژیانی خێزانیش پاڵنەرێکی بەهێزبێت بۆ بەرێکردنی ژیانێکی خێزانی ئارام بۆیان. هەروەها ئاستی هۆشیاری ورۆشنبیری وکاریگەرییەکانی دابونەریت وبیری نێرگەرایەتی و پیاوسالاری وکاریگەری وتاری ئاینیش رۆلی زۆر گەورە دەگێرن لەتەشەنەکردنی حالەتەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان.

**چۆن ڕووبەڕووی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بوەستینەوە؟**

ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان بەکاراکردنی زیاتری رۆڵ وئەدای دامەزراوە خێزانی وپەروەردیی وهەروەها میدیاییەکانیش دەبێت لەوەی هەریەک لەوانە کار لەسەر بەرهەمهێنانی سیستەمێکی نوێ بکەن بۆ چۆنییەتی پێگەیاندنی تاکێکی تەندروست لەڕووی شێوازی بیرکردنەوە لەهەمبەر کۆی ئەو پرسانەی پەیوەستن بەژیانی کۆمەلایەتی ودۆسییەکانی ئافرەتانەوە. هەروەها زۆریش پێویستە لایەنە تەشریعییەکان ودادگاکانیش رۆڵی راستەقینەی بنوێنن لەچۆنییەتی بەگژداچوونەوەی حالەتەکانی توندوتیژی چونکە، بیرمان نەچێت سیستەمی دادگایی سیستەمێکی کاریگەرو پێویستە بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەلایەتی وهەر کەموکورتییەک لەم سیستەمەش کۆمەڵگە بەرەو سەرگەردانی دەبات. دواتریش رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئافرەتان وهەروەها رێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش پێویستە ستایل وشێوازی کارکردنیان بەئاراستەیەکی باشتردا بگۆرن، زۆرترین جەخت لەسەر کاری مەیدانی بکەن وهەروەها چەقی توانا وچالاکییەکانیان شۆربکەنەوە بۆ ناو کۆمەڵگە لەرێگای کاری مەیدانییەوە.

*******

خودی ستەمکێشیی و پلەدوویی ژنان لە داهێنانی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە نەفرەتهێنەرەی مێژووی لەوەپێشی پەرەپێداوە و کردوویەتیە یەکێك لە کۆڵەکەکانی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە. ڕەگ و ڕیشەی نایەکسانی و بێمافیەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکری و کەلتووریی نیزام و کۆمەڵگە کۆن و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمڕۆ ...

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام




# دەمەتەقێیەك لەگەڵ ڕێبوار حەمە شەریف ئەکتەرو دەرهێنەر، دەرچووی زانکۆی بەغدا لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، سەبارەت بە فیلمی ساڵی ١٩٨٨



**کاوان قادر:** هاوڕێ ڕێبوار فیلمی ١٩٨٨ کە ئێستا لە سینەماکاندا نمایش دەکرێت باس لە کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات، چەند لە واقیعیەتی ڕوداوەکەوە نزیکە؟ ئەگەر هونەر ئەرکی گێڕانەوەی مێژوو بێت چەند ڕاستگۆیانە ئەو مێژووە دەگێڕێتەوە کە بۆچی هەڵەبجە ڕوویدا؟ ڕونتر بڵێم ئایا سیناریۆی ئەم تراژیدیایە چەندە دەوڵەمەندە لە ڕاستگۆیی و گێڕانەوەی ڕوداوەکە؟پێتان وایە حزبی بەعس تەنها تاوانباری ئەو ڕوداوە بێت؟ ئایا ئەرکی هونەرمەندان لە گێڕاننەوەی جینۆسایدێکی لەو جۆرە ئەرکی تەنها گریانی خەڵکە؟ یان باشتر بڵێین کە پێویستە ئەم ڕوداوە بکرێتە وەرچەرخانێک کە ئەوانەی ئەم مێژووەیان تۆمار کرد شەرمەزار بکرێن. ئاستی هونەری و دەرهێنان و نمایش کردن بۆ ڕوداوێکی لەو جۆرە چۆن دەبینیتەوە لە کاتێکدا سینەما شانۆیەکی لۆکاڵی نییە و جیهانییە، ئایا ئەم فیلمە توانیویەتی ئەو ئەمانەتە بۆ ناساندنی ئەم تراجیدیایە بە جیهان بگەیەنێت؟

**ڕێبوار شەریف:** دەکرێ سەرەتا ئەوە بپرسین، کە ئایا فیلمێک لەو جۆرە و (تاوانێک) بەو گەورەییە، دەبێت چ ناوێک و چ پێناسەیەک و بەر پرسیاریەتییەک لە بەرابەر مێژوودا بەجێبهێڵێت تاوەک ئەرکێکی مێژوویی بەزیندووی بمێنێتەوە .من لێرەوە دەپرسم، فیلمی ١٩٨٨ کە نمایشکراوە چ ماناو تێگەیشتنێکی هەیە لەڕووی ناو و ناونیشانی فیلم و ناوەڕۆکەوە .تا من بتوانم وەک ئەرکی مێژوو هەقی ئەوە بدەم بە ڕووداوەکە کە پەیوەستە بە مێژووی ئەو شارە و ڕۆژی ڕووداوەکە کە تاوانێکی گەورەی تێدا ئەنجام دراوە. مەبەستم ئەوەیە کە شازدەی سێ و ساڵی هەشتاو هەشت و کات و زەمەن تێدا وەستابوو .

وەڵامی پرسیارێکتان دەم هەژێنێت، لەکاتێکدا کە دەفەرموون فیلمی هەشتاو هەشت و لە کاتێکی تردا لێم دەپرسی کیمیاباران، خۆ دەبێت ئەو کات و زەمەن و بەروارەم لێ ببپرسی لە کوێ و کەی ڕویداوە؟ پێم وایە وەڵامێکی لۆژیکی نابێت ئەگەر دان بەوەدا نەنێم کە تەنانەت تایتڵی فیلمەکەش هەڵەیە...

چونکە ئەرکی مێژوو نووس و سیناریست (scenarist)ئەوەیە کە مێژوو، کات و ڕووداو پێکەوە ببەستێتەوە، لە کاتێکدا گەر ویستی ڕووداوەکە واقیعیبێت و خەیاڵی نەبێت، دەنا ناتوانین وەک مێژووەیەکی ڕاست پشتی پێ ببەستین بە تایبەت لە تاوانێکی مێژوویی لەو شێوەیەدا کە دەرهەق بە شارو مرۆڤ و گیانداران کراوە .کەواتە نەخێر ڕووداوەکە وەک خۆی نییەو نە سیناریست توانیوەتی ئامانج بپێکێ و نە دەرهێنەر بە واقیع بەرگی کارئەکتەرەکان وەک خۆی پێناسە بکات.

بۆ نمونە:

یەکەم: عومەری خاوەرو مێژووی تەمەن و کارەکەی ..

(لە کاتێکدا تەمەن و ڕووداوی ئەو کارائەکتەرە زۆر زۆر دوورن لە یەکتری. لەکاتێکدا عومەری خاوەر کە کاراکتەر و پاڵەوانی فیلمەکەیە، پێچەوانەیە لەگەڵ مێژووی ئەو تاوانە کە ئەمە وەک خۆی گوزارشت نەکراوە..)

دووهەم: جێگەو شوێن

:ئەرکی مێژووین کە دەکرا وەک خۆی وێنای بۆ بکێشرایە.

سێهەم:زاراوە: فۆنەتیکی ناوچەکان و کۆی ئاداب و کۆمەڵایەتی ناوچەکە هچ یەکێک لەوانە ڕۆڵی تەواویان دیار نییە، لەکاتێکدا هەڵەبجە خاوەنی سێ فۆنەتیک بوو و کۆمەڵێک ئەدیان و تێکەڵاوی پێکەوە ژیان وەک کاکەیی و یاستانی و ئیسلامی و غەیرە مەزهەبییەکان و چەپەکان کەواتە :ئەرکی نووسەربوو ئەودیاردانەی پشت گوێ نەخستبایە. هەرچەندە من پێم وایە ئەم نەخشەی فیلمە بێ سیناریست ئەنجام دراوە و وە ئەرکی مێژوویی نەگرتووە ئەستۆی خۆی، چونکە وا دەرئەکەوێت تەنها کارێکی بازرگانییە و مەرامێکی سیاسي لەپشتەوە بووبێت، دەنا خۆ ئێمە دەبێت بپرسین کوا دەوری قێزەونی ئەوانەی کە لەسەرەتای ڕوداوەکەداپێشلەشکریان دەکرد و ئەرکی خۆیان لەخزمەتی پێشلەشکری سوپای ئێراندا بەجێهێنا؟ ئەی چی ڕوویدا و کێ بەرپرس بوو؟ بۆچی بەعس ئەو شارەی بەودەردەبردو چی بووە هۆکاری کۆتاییهێنان بە جەنگەکە لە هەشتی هەشتی هەشتاو هەشتدا؟!

بەڕێزتان لەسەر جینۆساید پرسیار دەکەن و دەپرسن ئەرکی هونەرمەندا چی بووە؟

بەڕای من مەسەلەی جینۆساید ئاسان نییە و دەبێت وردتر و ڕوونتر باسی لێوە بکرێت، کە کردەو هۆکارەکان چی بوون؟ وەبۆچی خەڵکی مەزڵوم و بێدەسەڵات بوونە خۆراکی ئەو تاوانە؟ دەبێت یاسای مرۆڤایەتی لە و نێوەندەدا بەشداربێت و بە بەڵگەوە باسی لێوە بکرێت هەر چەندە هەڵەبجە و ڕۆژی تاوانەکە خۆی بۆخۆی ئاشکرایەو دیکۆمێنی زۆر هەیە کە بیسەلمێنێت کە چۆن ڕووی داوە، کە هەموو دەیزانین هۆکارەکەی زۆربەی لایەنە حزبییەکان بوو وە دەوریان هەبووە لە گرتنەوەی ئەو شارەداو پێشڕەوییان لەقەتڵ و عامی بەئەنقەست بەسەر خەڵکی داماودا.

پاشان دەپرسی هونەرمەند ئەرکی چی بووە؟ کام هونەرمەند و کام لەو کەسانە کە پێشترو بە ئێستاشەوە ئەرکی هونەری وە ئەخلاقی نیشتمانی و مێژوویان هەبووە، جگە لە کەسانێک بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ئەوانیش دەنگیان کپکراوە.

دوا پرسیارتان ئەوە بوو کە ئایا ئەو فیلمە ئەرکی مێژوویی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە وەک فیلمێک نمایش کرابێت.

لە وەڵامدا: پێم باشە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو پرسیارە دووبارە بکەنەوە؟ کە ئایا فیلم و سیناریست و دەرهێنەر چۆن دەبێت فێری ئەوە بکرێن کە مێژووی هەر فلمێک و دەرهێنانی و بە ئەنجامگەیاندنی بۆ شاشەی سینەماکان، ئەرکێکی قورسە و دەبێت بەلایەنی کەمەوە ئەم بەشە گرنگانە لە ڕووی یاسایی وە پیادە بکات.

١ -سیناریست و نووسەرەکەی ڕوونبێت.

٢ -لیژنەی پێدا چوونەوە و ڕەخنەگر

٣ -زانستی دەروناسی(سایکۆلۆژی )

٤ -ئەندامانی پرۆفشناڵ لە ئەرکە بەشدارە کۆمەڵایەتیەکان.(وەک باحیثی ئیجتیماعی) کە دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگیرێ لەچی تەمەنێک بەرەو خوار نابێت ئەو فییلمە ببینێت...

٥ -مێژوونووس چەند ڕاستگۆیانە مێژووەکە دەگێڕێتەوە؟


٦ -یاسای جنایەتی و دەرهاوێشتەکانی و ناساندنی تاوان و تاوانبارەکان پێناسەیی تاکە کەسیەکان.

٧- لوکەیشن جێگەو جوگرافیاو شوێنی تاوانەکە، ڕۆژ، کات، وەرزو ساڵ و هتد گرینگە بخرێتە ڕوو .

٨ -جل و بەرگ و هاوشێوەی پێکەوە ژیان و شوێن و زمانی ناوچەکە لەبەرچاو بگیرێت.

وە پاشان ئەتوانین باس لە فیلمێک بکرێت کە بڵێن ئەو ئەمانەتە مێژوویییە بە ڕاستگۆییانە بگەیەندرێت و بکرێتە فیلمێکی دیکۆمێنتارییەتی تەواو کە وەک سەرچاوەیەک پشتی پێ ببەسترێ ناچارم ئەم پرسیارانەی جەنابتان بە ئەکادمیانە وەڵام بدەمەوە.

**کاوان قادر:** چاوەڕوانم بەڕێزتان لە دوا ڕوونکردنەوە و پرسیاری تردا ئەوانە بوروژێنن کە گرنگن وەک ئەرکی فلمێک، نەک ئەرکێکی لۆکاڵی ..چونکە وەک خۆتان دەڵێن ئەوە جیهانی سینەماو مێژووی گەلێکە دەرهەق بەخەڵکی سیڤیل کە تاوانی بەرامبەر کراوە، نەک وەک فیلمێک بۆمەرامی سیاسی و بازرگانی بێت و بە خەبات بە خەڵکی بفرۆشنەوە، لەڕێگەی سۆزی نەتەوەییەوە فرمێسک بەخەڵکی بڕێژن وەک بڕێخت دەڵێ کەمژەیەکیش دەتوانێت فرمێسک بەخەڵکی بڕێژێت ئامانج لە گێڕانەوەو بەفیلم دەرهێنانی ئەو کارەساتە ئەوە بێت تاوانبارانی ئەسڵی بە جیهان بناسێنێت تا لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە دووبارە نەبێتەوە. لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە بۆچی ئەم کارە یەکەمجار لە بەغداد نمایش کرا؟



ڕێبوار حەمە شەریف

**ڕێبوار شەریف:** من دەمەوێت خەڵکی ئەو پرسیارەبکەن کەئایا ئەو تاوانە مێژوویییە لە هەڵەبجە ڕویدا یان لە بەغداد؟ با بەدوای هۆکارو وپاڵنەرو مەبەستی تاوانەکەدا بگەڕێین بۆچی دوای ٣٥ ساڵ تازە بەخەبەر دێن کە شارێک کۆمەڵکوژی کراوە، ئەوەی دەبینرێ کە فرمێسکی تیمساحی بۆ دەڕێژن دووبارەکردنەوەی تاوانەکەیە ئەگەر هەڵوێستێکی جدی بەرامبەر وەرنەگرن بەرانبەر بە بکەرانی ئەو تاوانە تەنانەت لەژێر گڵێشەوە بن.

**کاوان قادر:** دوایین پرسیار با ئەوە بێت بۆچی لەهەڵەبجە ڕووی دا؟

**ڕێبوار شەریف:** پێش ئەوەی ئەو وەڵامە بدەمەوە دەکرێ لەو سیناریست و دەرهێنەرانە بپرسن ئایا زانیوتانە بۆچی لە هەڵەبجە ڕوویداوە یان بۆ هەڵەبجە کراوەتە ئامانج؟ یاخود کێ بەرپرسیاربووە لە کۆی هەموو تاوانەکە؟ یان کێ یەکەم هەنگاوی نا بۆ داگیرکردنی شارێک؟ کێ دەستی پاسدارانی گرت بۆ ناوشارەکان کە ئەوە ئەرکی نووسەری سیناریست و دەرهێنەرە پێش ئەوەی فیلمێک بێتە ئامادەکاری، دەبێت مەسئول بێت لە بەردەم ئەرکی مێژوویی خۆیدا و مێژوو وەک خۆی تۆمار بکات بۆ ئایندە و ئاماژە بە تاوانباران بکات، هەست ئەکەم خۆدزینەوەیەکی نائەخلاقی دەبینێت لە کاتێکدا ناچێتە سەر حەقیقەتی بابەتەکان کە بەڕای من دەست نەبەیت بۆ کارێک کە لە ئاست وبەرپرسیارێتی مێژوویی بەجێ ناگەیەنیت .

**دەستخۆش هاوڕێ ڕێبوار سەرکەوتووبیت.**

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام




# ڕەنگی ڕەش و دینامیکی وێنەی جوڵاو لەشیعری تەڵعەت تاهیردا

## لێکۆڵینەوە: جەمال نوری



ڕەنز

گەکان هێما و ئایکۆن ونیشانە وئاماژەن بۆ شتەکان. لێرەدا شێوازە دەربڕینییە شیعرییەکان هاوشێوەی شێوازە شێوەکارییەکانە بەوەی هەر ڕەنگە و بەپێی فەلسەفە و ڕێبازی دەقەکان ماناکان جێگییر دەکەن و بەبەردەوامیش لەخولقاندنی مانا نوێیەکاندایە.

لەهەموو دۆخەکانیشدا، ڕەنگەکان هەستەکان دەجولێنن و هۆکاریشە بۆ ڕەوینەوەی گرژییەکانی ناوەوەی مرۆڤ و هەروەها کاریگەریشە بەسەر کۆئەندامی هەستە دەمارییەکانەوە ڕۆڵێکی ئیستاتیکی و بابەتی داوە بەوێنە دیدەییە ڕەنگییەکان و هەمووشیانی بەستۆتەوە بەویژدانی مەبەستێتی دەقەکانییەوە کەخۆی لەجوانییە ئایدیالیزمەکاندا دەبینێتەوە.

قەدەری خاوەن هەستەکان هەمیشە خۆی لەنەهامەتی ئازارەکاندا دەبینێتەوە. خودی شاعیر، وەک گەڕیدەیەک، بەدوای هەلێکدا دەگەڕێت تابتوانێت ئاسوودە بێت. هیلاکییەکانی ڕۆژانەی ژیان یارمەتدەر نین و لەجیاتی ئاسوودەبوون باوەشی بەشتێکی تردا کردووە کەلەنەخشەی پێش وەختی ئەمدا نەبووە. ئەمە وێنەیەکی پێشبینی نەکراو بوو وەک ئەوەی خودی شاعیر بۆ شتێک هات و تووشی شتێکی جیاوازی تر هات. بەمەش وێنەکە لەخراپێکی واقیعەوە، بەرەو خراپتر ڕۆشت.

لەم دەقەی "تەڵعەت تاهیر" دا، (ڕەنگ) ڕووبەرێکی گەورەی لەناو دەقدا داگیرکردووە وەک لێرەدا ئاماژەی پێکردوە، بەجۆرێک شاعیر لەڕێگای وێنای ڕەنگەکانەوە ماناو مەدلوولەکانی پشتی دەق وێنا دەکات، واتە زمانی شیعری لای شاعیر زمانێکی مەجازیە و ڕەنگ تیایدا جێگەی خۆی گرتوە و موخاتەبەی عەقڵی موتەلەقی پێ دەکات.

ئەوەی مایەی سەرنجە لای خوێنەر، بەکاربردنی ڕەنگی ڕەشە لەم تێکستە شیعریەی شاعیر، چون جودا لەهەر شاعیرێکی تر تەڵعەت تاهیر بەزمانی خۆی و خەیاڵ و تێگەیشتنی بۆ ڕەنگی ڕەش، لەشیعرەکەیدا چۆن لێی دەڕوانێ ئاوها وێنای کردوە.

لەلایەک ڕەنگی ڕەش هێماو واتای ڕەشپۆشی و خەمگینی و کارەسات و مەرگ و دابڕانە، شاعیر لەم حاڵەتە جەبرییەی ڕەنگی ڕەش ناتوانێ قوتاری بێ، بەڵام دوای نەرمکردنی دەست و پەنجەی شیعریی، بەشێوەیەکی زۆر جودا مامەڵە بەو ڕەنگە مرۆڤەکان دەکات و هەرجارەو لە بەرگی چیرۆکێکدا دەیبینێتەوە.

تەڵعەت تاهیر بەشێوازێکی جودا لەنوسینی شیعر و تێگەیشتن لەو چەمکانەی کە لەپێشودا شاعیران و نوسەران هەیان بووە بۆ شیعر، لەبەرگێکی ڕۆمانسیەت و دنیایەکی جودا لەسەر زەمین شیعریان دەنوسی و وێنای شیعریان تێدا دەکرد، بەڵام تەڵعەت تاهیر، بەئاراستەیەکی پێچەوانە بە پلەی سێ سەدو شەست پلە جیاوازتر لە شیعرو وەزیفەی شیعری دەڕوانێ.

شیعر لەم قۆناغەدا کە بەشێکی زۆری بەشەریەت بەدەست نەبوونی و قاتو قڕی و کۆنترۆڵکردنی بازارو ژیان بەهۆی بوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیاوە، پانتایەکی کەم دەهێڵێتەوە بۆ گوزارشتکردن لەدنیای ڕۆمانسیەت، کەپێشتر شاعیران وەها وێنای مەئشوقەکانیان دەکرد، ڕێک کتومت بە فریشتە بچێ. بەچەشنێک هەرچییەکی بخواردایە لە گەرویدا دەرکەوێ، بەڵام لە واقیعدا ئەم وێناکردنە مەگەر لەنێو دنیای خەوندا ببینێ ئەمە بۆ تەلعەت تاهیری شاعیر جێگای نابێتەوە لەناو دەقە شیعریەکانیدا، بە پێچەوانەوە شاعیر بە زمانێکی ترو تایبەت بەو تێگەیشتنەی خودی خۆی مامەڵەی لەگەڵ ڕەنگ و وەزیفەی شیعردا کردوە.

ڕۆمانسیەت لەدنیا بینینی تەڵعەت تاهیردا:

شاعیر، لەم دەقەدا، زۆر سادەو ساکار ئاماژە بە سۆزو ئەندێشەی خەیاڵی ڕۆمانسینەی خۆی دەکات لە تەک مەئشوقەکەیدا، سانا لێی تێ بگەین، بەڵام لەهەر دێرە شیعرێکدا، شاعیر مامەڵەیەکی فکری و ماریفی دەکات، کاتێک بەر وشەکانی ناو دێرە شیعرەکەی دەکەوێ، لەوە تێدەگەی کە شاعیر تێڕوانینێکی تری هەیە بۆ ڕەنگی ڕەش، لای ئەمیش ڕاستە ڕەش، وەک ڕەنگێکی تۆخی داخراو کە ڕەنگەکانی تر لەناو خۆیدا هەڵدەمژێ بەتەنها وێنای خەفەت و تاسە باری نییە، بەڵکو لەڕێگای ڕەنگی ڕەشەوە ( تەڵعەت) هاتوە موخاتەبەی موتەلەقی پێ دەکات، وەک لێرەداو لەم تێکستەدا و بەزمانێکی ڕۆمانسیانە موخاتەبەی مەئشوقەکەشی پێکردوە:

**جلی ڕەشت زۆرە دەزانم**
**لەکراسێکت لە کەوایەکت،**
**پارچەیەکی ڕەشم بۆ هەڵگرە**
**بەدزی خوشک و براکانم هەرجارەو**
**پارچەیەکم دەبرد**
**بیستبووم ڕەش خەم هەڵدەمژێ و نایداتەوە**
**بەوهۆیەوە پارچەیەکم دەنایە**
**بەر پشتێنی پیرەمێردێک**
**کە بمزانیبایە تەرمی کوڕەکەی لەشەڕێکدا**
**گەڕاوەتەوە**

تەڵعەت تاهیر وەک شارەزایەکی قوماش و بازرگان بەهای پارچەیەک قوماش باش دەزانێ، هەروەک چۆن دەڵێن نرخی زێڕ لای زەنگەرە، شاعیریش بەم مەفهومەوە مامەڵە لەتەک پارچە قوماشێکی ڕەشدا دەکات، هەرپارچە قوماشێکی ڕەش لە بەرگی چیرۆکێکی جودا لە دیەکتر وێنایان دەکات و دایڕشتوە. سەلیقەیی شاعیر لەوەدایە ئەوەی لە شوێنی خۆیدا ناجوڵێ و ماوەتەوە وەک ناو و دەستەواژە و ڕەنگ قوماشە ڕەشەکەیە،!

بەڵام ئەوەی هەرجارەو گۆڕانێکی نەوعی بەسەردا دێت، تەوزیفکردنی ڕەنگە ڕەشی قوماشەکەیە لەچەندین بەرکەوتەی جیاوازتر لەیەک لەڕووی فۆرمەوە، بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە گرێدراوی ئەو خەمە قوڵە ئینسانییە کەسەراپا دەروونی شاعیری پڕکردوە لە ئازارو زامی قوڵ..

هەر ئەو پارچە قوماشە ڕەشەیە جارێک لەبەرگی کراسێکی ڕەشی یارەکەیدا وێنای کردوە، جارێکی تر لەناو دنیای جەنگ و شەڕی براکاندا تەوزیفی دەکات کاتێک دەڵێ:

بەو هۆیەوە پارچەیەکم دەنایە بەر پشتێنی پیرەمێردێک
کە تەرمی کوڕەکەی لە شەڕێکدا گەڕابێتەوە

لەلایەکی ترەوە، هەر ئەو پارچە قوماشە ڕەشەیە بەشێوەیەکی دینامیکی گۆڕانی بەسەرداهاتوەو ئەمجارەیان شاعیر ئەو پارچە قوماشە ڕەشە، بەقوڵی منداڵێکی یەزیدیەوە دەبەستێت کە بە فانیلەیەکی تیپی تۆپی پێی فەرەنساوە وەک کاپتنی ئەو تیپە یاری بکات، ئەمە وەک وێنەیەکی جوڵاو لەناو زمان و خەیاڵی شیعری شاعیردا بوونی هەیە، بەڵام زۆر ناخایەنێ، شاعیر بەئاگا دێتەوەو دێتەوە ناو سەرزەمینی واقیع و هەر ئەو منداڵەیە بەو فانیلەی تیپی فەنساوە لەکۆڵی خۆشکە گەورەکەیدایە لەیەکێک لەو کەمپە قوڕینانەی تیایدا دەژین.

**پارەچەیەکم لە قوڵی ئەو منداڵە یەزیدیە دەبەست**
**کەبەو سەرمایە بە فانیلەیەکی هەڵبژاردەی فەرەنساوە**
**لە قوڕاوی کەمپێکدا،**
**خوشکە بچوکەکەی لەکۆڵ گرتبوو**
**هەرژنێک پرچی سپی با پارچەیەکم لەنێو چاوانی دەبەست**
**و گەنج دەبۆوە و قژی دەبریسکایەوە**

**لافیتەیەک بۆ نووسینی مەرگی لەبارچوونی کۆرپەلەیەک**

تەڵعەت تاهیر، لەلایەک وەک شاعیرێک لەڕێگای زمانە شیعری و خەیاڵ و ئەو دنیابینیە تایبەتەی خۆی لەکێشە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگاکەی دەڕوانێ، لەلایەکی ترەوە وەک کەسێکی سۆسۆلۆگ لەواقیعی ژیانی کۆمەڵگەکەی دەڕوانێ، هەموو خەونێکی بۆ بەدیهێنانی ئەو دنیایەیە کەتیایدا خۆشەویستی بەسەربەستی پیاسە بکات، ئازادی ئینسانەکان لە لووتکەی باڵانمای جوانیدا بێ. چون هەتا وەکو ئێستا واقیعی کۆمەڵگاکەی واقیعێکی هێندە سەخت و دژوارە، هەردوو کەسە خۆشەویستەکان بەدڵی خۆیان ناتوانن دەستنیشانی ژیانێکی تایبەت بەخۆیان بکەن، بەڵکو ئەوەی پێ بووترێ خۆشەویستی لەم کۆمەڵگەیەدا هێشتا قۆناغە مێژوویەکەی خۆی تێنەپەڕاندوەو ئیشق لەم مەملەکەتەدا بقەیە.

ئەوەی بەنهێنی و لەناو هەناوی کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەک کۆمەڵگەکەی ئێمە ئیشق بکات و لەنەتیجەی بەیەکگەیشتنی ئاشق و مەئشوق بەیەک بێ ڕەزامەندی سەرەک خێڵ و عەشیرەت و باوک کۆرپەلەیەک بێتە ئاراوە، ئیدی ژیان حەرام دەکرێ لە هەردووخۆشەویستەکەو کۆرپەلەکەش دەبێتە قوربانی تیغی چەقۆیەکی کول و یا لەبەردەگای ماڵێکی نەزانراو نەناسراودا فڕێ بدرێ...!

لەکۆتایدا ڕەخنەگران دەڵێن شیعر لەبنەڕەتدا بریتییە لەپێکهاتەیەکی وێنەیی (مجدی وهبە:120) بەتایبەتی لەو بابەتانەی کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بەمەسەلە هەستی و هزرییەکانەوە وەک (ڕەنگ وشێوە وجووڵە وجێگە وزەمەن وڕووناکی). ئەمەش هۆکارە بۆ گواستنەوەی فۆرم وناوەڕۆکی سروشتی واقیع بۆ وێنە لەڕووی سیاقەوە...

لەدواین پارچە
لافیتەیەکی بچوکم بۆ ئەو ساوایە پێ نووسی
کەلەبەردەرگای ماڵێکدا فڕێ درابوو
عەباو چارۆکەم تەواوکرد
ئێستا لەباشیم نییە بەخاوەن پرسە و عاشقەکان دەڵێم

**بەرگە بگرن ئەمە سونەتی ژیانە**
**کەچی خۆم بەرگە ناگرم و بەم نزیکانە**
**بێ تۆیی دەمکوژێ**
**کەمردیشم بۆسەر چوارچێوەی وێنەکەم**
**لەکراسێکت لەکەوایەکت**
**پارچەیەک قوماشی ڕەشم بۆ هەڵگرە**
**پارچەیەکی بچوک،**
**هێندەی ناو لەپی ئەو ساوایەی فڕێدرا و**
**وەک من و تۆ کە بۆیەک نەبوین و**
**هەریەکەمان لەبەردەرگای ماڵێکدا فڕێ دراین...!**

**تەلعەت تاهیر**

**سودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتوە:**
**1/سقوط اوراق الربيع ، مجدى وهبة**
**2/وێنەی هێمایی لە دەقەوالاکانی شێرکۆ بێکەسدا**



# ئازادی خەڵکی فەلەستین، ڕزگاری خەڵکی ئیسرائیلیشە لەو تاوانانەی کە بەناوی ئەوانەوە ئەنجام ئەدرێت؟

## نووسینی: عامر سایر



وێرانکردنی غەزە، هێمای لاوازی ئیسرائیل و ئەمریکایە، نەک پێچەوانەکەی. لە مێژووی ئیسرائیلدا هیچ کات هێندەی ئێستا ئەکادیمیست و هەڵسوڕاوانی سیاسی و نووسەران و میدیاکارانی بەڕەگەز جوو، لە ناوخۆی ئیسرائیل و بەتایبەت لە دەرەوەیدا، وە لە دەرەوەش بەدیاریکراوی لە ئەمریکا و ئەوروپادا. هەرگیز هێندەی ئێستا ڕەخنەی توند و کاریگەریان لە زایۆنیزم و سیاسەت و هێرشی دڕندانە و کارکردە نائینسانیەکانی حکومەتی ئیسرائیل نەگرتووە. ئەمە خاڵێکی زۆر پۆزەتیڤە و ئێستا ئەوان زۆر زیاتر، لە زۆر لە فەلەستینییەکان، لەبەرگری خەڵکی فەلەستیندان و بە بەڵگە و دۆکیمێنتی سەلمێندراوەوە بوونەتە هاواری گەرووی زوولمليکراوانی فەلەستین لە دژی جینۆساید و ئاپارتاید کە لە 1948ەوە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئیسرائیل، دەرحەق بە خەڵکی فەلەستین ئەنجامی ئەدەن.

ئەم بەناو لانکەی دیموکراسییەی ئەمریکا و ئەوروپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕێگە بەهیچ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەک نادات لە ناوخۆی ئیسرائیلدا. هەرچی ڕەخنەی لێ بگرێ نانبڕاوی ئەکات. وە بە وەحشیانەترین شێوە هەر ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانێک دائەپڵۆسێ و تا ئێستا بە سەدان لە خۆپیشاندەران و ناڕازیانی ئەشکەنجە داوە و زیندانی کردووە. لە کاتێکدا کە حکومەتەکەی نەتەنیاهۆ ڕێگەی خۆپیشاندان نادات لە دژی جینۆساید و تاوانی جەنگ و سزای بەکۆمەڵ و کۆمەڵکوژییەکانی دەرحەق بە خەڵکی فەلەستین، بۆیە لە 30/10/2023 ەوە بەرەی ناڕازی و پێشکەوتووخوازی ناو ئیسرائیل، تاکتیک و داواکاری و شوێنی خۆپیشاندانەکانیان گۆڕیوە و ئێستا لەبەردەم ئۆفیسی بنیەمین نەتەنیاهۆ (سەرۆک وەزیران) داوای دەست لەکارکێشانەوە و دادگاییکردنی ئەو ئەکەن، بەوەی کە نەیتوانییوە لە 7/10/2023 دا ئاسایشی خەڵکی ئیسرائیل بپارێزێ.

ئیلان پاپەی کە لە 2007 دا لە ئیشەکەی دەرکرا لە زانکۆی حەیفا لە ئیسرائیل لەبەرئەوەی کە دژی سیاسەتەکانی حکومەتی ئیسرائیل بووە دەرحەق بە خەڵکی فەلەستین و تا ئێستا 20 کتێبی مێژوویی گرنگی نووسیوە کە زۆربەیان بەرگرییە لە کێشەی ڕەوای خەڵکی فەلەستین. پاپەی لە ئێستادا باوەڕی وایە کە لە ناوخۆی ئیسرائیلدا تواناییەکان سنووردارن بۆ ڕاوەستانی شەڕ و چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی فەلەستین، پێی وایە چونکە بەرەی ڕاست باڵادەستە کە ڕاستڕەو و ڕەگەزپەرست و ئاپارتایدە بەرانبەر بە خەڵکی فەلەستین. پاپەی باوەڕی وایە کە ئەگەر کارێک و فشاریک بکرێ ئەبێت لەدەرەوەی ئیسرائیل بکری و فشارەکان سەخت بکرێتەوە تا ئیسرائیل لە کورت ماوەدا ناچار بە شەڕ ڕاگرتن و لە درێژ ماوەدا بهێندرێتە پای داننان بە مافی خەڵکی فەلەستییندا.

ئەم وێرانکارییە بێ وێنەیەی ئیسرائیل بە پاڵپشتی مادی و مەعنەوی و بە چەک و جبەخانەی ئەمریکا ئەنجام ئەدرێ (ئەمریکا ساڵانە 3.8 ملیار دۆلار ئەدات بە جەیشی ئیسرائیل، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بۆ ئەم وێرانکارییەی ئێستا ئەیکات، سەرۆکی ئەمریکا -بایدن- داوای لە کۆنگرێس کردووە کە 14 ملیار دۆلاری تر بەسەریەکەوە بدا بە ئیسرائیل). ئەمە ئەڵقەیەکی ترە لە ڕۆچوون و لاوازی ئەمرکا و بە بنبەست گەیشتنی سیاسەتەکانێتی لە ناوچەکەدا، بۆیە ئاوا بێ پەردە بەردەوامە لە پشتیوانی ئیسرائیل و کوشتنی زیاتری منالان و دانیشتیوانی مەدەنی خەڵکی فەلەستین و گوێ نادا بە یاسا دانپانراوەکانی مافی مرۆڤ و هەموو یاسا نێونەتەوەییەکان و بڕیارەکانی (یو ئێن) پێشێل ئەکا و هیچ بەهایەک بۆ ئیعتیباری خۆی و دەسکەلاکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دانانێ.

ئەوەی کە لە 7/10/2023 دا ڕێکخراوی حەماس هێرشێکی هەمەلایەنەی لە ئاسمان و زەوی و دەریاوە کردە سەر ئیسرائیل، کە نزیک بە 1200 کەسی کوشت، کە نزیک بە نیوەی کەسانی مەدەنی بوون و لە نێویاندا 31 منداڵێشی تیادا بوو، وە نزیک بە 240 نەفەریش وەک بارمتە فڕێندران و لەگەڵ خۆیان بردیان. وە لە بەرانبەر ئەو کارە تیرۆریستییەی حەماسدا ئەوە زیاتر لە مانگێکە ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی تیرۆریست و ڕەگەزپەرست و ئاپارتاید، لەهەموو لایەکەوە هێرشی دڕندانەی ئاسمانی و زەمینی کردۆتە سەر فەلەستین و غەزە و تا ئێستا زیاتر لە یازدە هەزار کەسی سیڤیلی کوشتووە کە نیوەی منالانن، وە تا ئێستاش ئیسرائیل بەردەوامە لەم کوشتارگا و کاولکاریەی کە بەشێکی زۆری غەزەی وێران کردووە. لە کاتێکدا خۆپیشاندەران لە شەقامی شارەکانی دنیادا داوای دەستبەجێی ئاگربەست ئەکەن، بەڵام سەرانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە بیانووی بەرگریکردن لە خۆ، داوای درێژەدان بە هێرش و کوشتنی خەڵکی سڤیل و ئاگرباران کردنیان ئەکەن. بەڵام دەمیان ئەبێت بە تەڵەی تەقیوو کاتێک هەندێ جۆرنالیستی بە تەجرەبە پرسیاری ئەوەیان لێ ئەکەن کە ئایا خەڵکی فەلەستینیش مافی بەرگری لەخۆ کردنی نییە؟

لە ساڵی 2021 و 2022 دا بنیەمین نەتەنیاهۆ بە تاوانی گەندەڵی و دزی و بەرتیل وەرگرتن، ڕاکێشرایە بەردەم دادگا و بە 333 کەیسی گەندەڵی تاوانبارکراوە و شەقامەکانی ئیسرائیل بە خۆپیشاندان لەدژی تەنرابوو. وە لە مانگی جون و جولای ئەم ساڵدا (2023) دوای ئەوەی ویستی دەستوری وڵات بگۆڕێ و دادگا سەربەخۆ نەهێڵێ، گەورەترین خۆپیشاندان لە مێژووی ئیسرائیلدا لە دژی ڕوویدا و بە سەدان هەزار کەس لە شارەکانی ئیسرائیلدا بۆچەندین هەفتەی لەسەر یەک ناڕەزایەتیان لە دژی دەربڕی و لەئەنجامدا نەتەنیاهۆ ناچارکرا کە تێپەرکردنی ئەو بڕیارە لە پەرلەماندا (کەنێسەت) دوابخا. نەک هەر نەتەنیاهۆ تاوانبارە و شوێنی زیندانە، بەڵکو هەندێ لە وەزیرەکانیشی کە سەرۆکی حیزبە بچوکەکانی تری هاوپەیمانی نەتەنیاهۆن لە حکومەتەکەیدا، بە تۆمەتی کوشتنی بەئەنقەستی خەڵکی سڤیلی فەلەستین تۆمەتبارن و کەیسەکانیان لە دادگادایە. بۆیە هێرشە تیرۆریستییەکەی حەماس کە لە 7/10/2023 دا کردی، هەلێکی زێڕین بوو بۆ نەتەنیاهۆ بۆ گۆڕینی ناڕەزایەتییەکان لەسەر خۆی و درێژەدان بەتەمەنی حکومەتە فاشیستەکەی.

بە پێچەوانەی هەندێ لە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان و ئێران و عێراق، کە بۆچوونێکی زۆر نادروست و تێگەیشتنێکی زۆر ڕووکەشانەیان هەیە لەسەر ئەوەی کە لە ئێستادا لە فەلەستین و ئیسرائیلدا ئەگوزەرێ. کە بەداخەوە بۆ ئەو چەپانە، هێرشەکەی حەماس خاڵی جەوهەری وەرگرتنی هەڵوێست و لێکدانەوە و شیکارییەکانیانە، بەڵام بۆ هەڵسوڕاوان و ئەکادیمیستان و میدیاکارانی بەڕەگەز جوو وە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە تەواوی کێشەکە ئەبینن و شارەزای مێژووی زایۆنیزم و ئیسرائیلن، خاڵی جەوهەری بۆ ئەوان، واتە تاوانباری سەرەکی ئەم کوشتارگایەی کە لە 7/10/2023 وە لە ئیسرائیل و فەلەستیندا دەستی پێکردووە، هێرشەکەی حەماس نییە، بەڵکو کارکرد و سیاسەت و ڕەفتارەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی و ئایدۆلۆجیاکەیەتی (زایۆنیزم). وە بەدروستی ئەڵێن ئەو تاوانەی حەماس لە 7 ی ئۆکتۆبەردا دەرحەق بە خەڵکی بێگوناهی سڤیل و منالان ئەنجامیدا، ئیسرائیل ڕۆژانە لە 1948 وە، وە زاییۆنیزمیش بە پاڵپشتی بەریتانیا لە (ڕاگەیاندنی بلفۆرەوە کە لە 1917 دالە نێوان وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و سەرۆکی زایۆنیستەکاندا ئیمزاکرا)1، پێش ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیلیش دروستبێ و لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، ڕۆژانە دەرحەق بە خەڵکی بێتاوانی فەلەستین ئەنجامی داوە و ئەنجامی ئەدات. وە بەدروستی حەماس بە بەرهەمی سیاسەتەکانی ئیسرائیل ئەزانن. وە پێیان وایە بۆ بنەبڕکردنی حەماس لە ئێستادا و بەرهەم نەهێنانەوەی هاوشێوەکانی لە داهاتوودا، ئەوە ئیسرائیلە کە ئەبێت سیاسەتەکانی بگۆڕێ و دان بە مافی خەڵکی فەلەستیندا بنێ و واز لە ئاپارتاید و ڕەگەزپەرستی بهێنێ.

بەداخەوە بۆچوونی هەندێ لەو چەپ و سۆشیالیستانەی لەمەڕ خۆمان هێندە ڕووکەشانە و ناواقعیانەیە کە تەنانەت بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی وڵاتانی دنیادا بە بەرگری لە حەماس پێناسە ئەکەن. ئاخر چۆن سێ سەد هەزار کەس لە شەقامەکانی واشنتۆن و لەندەن و دەیان هەزار خۆپیشاندەری تر لە شارەکانی تری وڵاتانی دنیادا ساپۆرتی (حەماس)ن؟! ئاخر حەماس کە لە ناوخۆی غەزەشدا زۆرینە نییە و دەسەڵاتی خۆی بەزۆر سەپاندووە بەسەر خەڵکدا و بەپێی ڕاپرسییەک کە لە سێپتەمبەری 2023 دا بڵاوکراوەتەوە 67٪ ی دانیشتوانی غەزە، حەماس بە بەربەست لەبەردەم خۆشگوزەرانی خۆیاندا ئەبینن.

ئەو چەپە نارۆشنانە هەندێکیان دژی

وەستانی شەڕن و ئەڵێن با درێژەی هەبێ تا حەماس بەتەواوی لەناو ئەچێ، یان گاڵتەیان بە داواکاری وەستانی شەڕ دێت و ئەڵێن سۆشیالیزم بە وەستانی شەڕ دانامەزرێ! بەڵام ئایا هیچ کەس لەو جووانەی لە بەرگری خەڵکی فەلەستیندان و هیچ لەو کۆمۆنیستانەی کە ڕۆشنن و تەواوی کێشەکە ئەبینن، وتوویەتی کە 6 ی سێپتەمبەری 2023 وەزعەکە ئارام بووە و چارەسەری نەویستووە؟

بۆچوونێکی تری نادروستی هەندێ لەو چەپ و سۆشیالیستانە ئەوەیە کە پروپاگەندە و پاساوەکانی سوپا و موسادی ئیسرائیل دووبارە ئەکەنەوە و ئەڵێن حەماس دانیشتوان وەک قەڵغانی مرۆیی بەکار ئەهێنێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا تەوەقوعت لە گرووپێکی تیرۆریستی ئیسلامی چییە؟ ئەمانە بەم بیانووە هەر وەک ئیسرائیل پاساو بۆ کوشتنی یازدە هەزار خەڵکی سڤیل کە نیوەیان منداڵن ئەهێننەوە و ئەڵێن ئایا بە تیاچوونی حەماس ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چی زیانێک ئەکات؟ بە ڕاستی سەیرە، ئاخر تیاچوونی حەماس بە نرخی چی؟ بە کوشتنی یازدە هەزار بێتاوان و ئاوارەکردنی ملیۆن ونیوێک لە دانیشتوان و خاپورکردنی شارێک بە دەیان هەزار تۆن باروت!

وەڵامی بەرەی ئازادیخواز و ئەکادیمیستان و میدیاکارانی جوو، بەم پاساوەی ئیسرائیل کە هەندێ لە چەپەکانی لای خۆمان دووبارەی ئەکەنەوە، ئەوەیە کە؛ دەوڵەتی ئیسرائیلیش بەردەوام دانیشتوانی خۆی وەک قەڵغانی مرۆیی بەکارهێناوە و بەکاری ئەهێنێ. لە هەرشوێنێک کە خاکی تازەی فەلەستینییەکان داگیر ئەکەن و دانیشتووانە ڕەسەنەکەی دەرئەکەن و جووی تازە هاتووی تیادا نیشتەجێ ئەکەن، سەرەڕای ئەوەی ئەو جووە تازە نیشتەجێبووانە هەموو چەکیان هەیە بۆ پارێزگاری لەخۆیان لە دژی نارەزایەتی فەلەستینییەکان و ئازادن بەکاری بهێنن و بیانکوژن، لە هەمان کاتدا لە ناوەندی ماڵەکاندا مۆڵگەی سەربازی هەیە و سەربازیان بۆ دائەنرێ بۆ پارێزگاریکردن لێیان. هەر ئەو جووە ناڕازی و ئینساندۆستانە ئەڵێن ڕادیۆی جەیشی ئیسرائیل لە تەلئەبیب لە بینایەکدایە کە لە چەند قاتێکیدا خەڵکی ئاسایی تیایدا ئەژی.

هەر بە دوای هێرشەکەی حەماسدا، ئیسرائیل پێشنیاری کرد بۆ میسر و ئەردەن کە دانیشتوانی غەزە وەک پەنابەر قبووڵ بکەن. ئەمریکاش بەڵێنی پێدان کە لە بەرانبەر ئەو کارەدا لە زۆر لە قەرزەکانی سەریان خۆش ئەبێت. بەڵام شا عەبدوڵای ئەردەن کە تا ئێستا لە وڵاتەکەیدا 11 ملیۆن پەنابەری فەلەستینی هەیە، وتی بە ناوی خۆم و سەرۆکی میسرەوە قسە ئەکەم و بە هیچ جۆرێک ئێمە ئەو کارە ناکەین. هەر یەک لە (ئیلان پاپەی و نوریت پەلید-ئەلحەنان)2 ئەڵێن کە دەوڵەتی ئیسرائیل لەوەتەی دروست بووە، زایۆنیزم ئایدیۆلۆجیاکەیەتی و پەیڕەی ئەکات، ئایدۆلۆجیای زایۆنیزمیش واتە داگیرکردن و جێ لەقکردن بە دانیشتوانی ئەسڵی فەلەستین، جا بە کوشتن و لەناوبردن بێ، یان دەرکردن و ئاوارەکردن، بۆ دەستبەسەراگرتنی خاکەکەیان. ئەم دوو پرۆفیسۆرە جووە کە بەهۆی ڕەخنەکانیان



لە زایۆنیزم و ئیسرائیل، کە بە هۆی بۆچوونی سیاسیانەوە هەردووکیان لە زانکۆکانی ئیسرائیل لە کارەکانیان دەرکراون، ئەڵێن ئەمە ئامانجی دەوڵەتی ئیسرائیلە و لە 1948 یشەوە هەر وای کردووە و زایۆنیزمیش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە کاری بۆ ئەو ئامانجە کردووە کە تا ئێستا جێبەجێ ئەکرێ لە فەلەستیندا.

حیزبی لەیبەر (کرێکار) لە ئیسرائیل، لە ئێستادا تەنها چوار کورسی هەیە لە پەرلەماندا. نۆم چۆمسکی لە سمینارێکیدا باسی ئەوە ئەکات کە لە ئیسرائیلدا حیزبی لیکود (حیزبەکەی نەتەنیاهۆ) حیزبی هەژاران و ئاینییە توندڕەوەکانە. وە حیزبی لەیبەر (کرێکار) حیزبی دەوڵەمەندان و عەلمانیەکانە. لە 10ی جولای 2018 وە، حیزبی لەیبەری ئیسرائیلی لە ڕێکخراوی سۆشیالیست ئینتەرناشناڵ کشایەوە، چونکە ئەو ڕێکخراوە لە 5ی جولای 2018دا سیاسەتی (بی دی ئێس)3 ی لەبەرانبەر ئیسرائیلدا پەسەندکردبوو وە کردویەتییە سیاسەتی ڕەسمی خۆی و داوای بایکۆتی هاوکاری سەربازی بۆ ئیسرائیل کردووە لەسەر درێژەدانی بە داگیرکاری و ئاپارتاید لە بەرانبەر فەلەستینییەکاندا.

لە 28/10/2023 دا (کرەیک مۆکیبە)4 کە بەڕەچەڵەک جووە و سەرۆکی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی یو ئێن بوو لە ئۆفیسی نیو یۆرک، کە پارێزەرە و شارەزا لە یاسا نێودەوڵەتیەکان و مافی مرۆڤە، دەستی لە کارەکەی کێشایەوە، وەک نارەزایەتییەک لە بەرانبەر بێتوانایی یوئێن و دەبڵ مۆراڵی و بێدەربەستی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لەبەرانبەر ئەو جینۆسایدەی کە حکومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین ئەیکات. کرەیک مۆکیبە نامەی ئیستیقالەکەی لە مانگی مارسەوە پێشکەش کردبوو، وە پێی وایە کە لە پێش 7 ی ئۆکتۆبەرەوە، بەڵگەی بێشومار هەیە کە ئەیسەلمێنی حکومەتی ئیسرائیل لە چەندین دەیەی ڕابردوودا جینۆساید و ئاپارتایدی دەرحەق بە خەڵکی فەلەستین بەکارهێناوە و ئەبوایە دەمێکە دادگایی بکرایە لەسەری، نەک کوێرانە پشتیوانی لێ بکرێ و بۆ مەبەستی سیاسی، تاوانەکانی بپۆشرێ.

لە جەنیوەری 1976دا لەسەر پێشنیاری سێ دەوڵەتی سەرەکی عەرەبی و هاوسێی ئیسرائیل (میسر و ئەردەن و سوریا)، لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایانگەیاند کە دان بە ئیسرائیلدا ئەنێن و داوای دامەزراندنی دوو دەوڵەتیان کرد (فەلەستین و ئیسرائیل) کە هاوشانی یەک بە ڕەسمی بناسرێن، وە گەرەنتی پاراستنی ئاسایشی هەردوولایان دابوو، بەڵام لەو بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئیسرائیل بەشداری نەکردوو، وە ئەمریکاش ڤیتۆی لە دژ بەکار هێنا5. ئەوە ئیسرائیلە نایەوێ ئاشتی بەرقەراربێ، نەک وڵاتانی عەرەب و نەک تەنانەت حەماسیش کە چەندین ساڵە ڕایگەیاندووە و ئامادەی گفتووگۆیە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، لەو کاتەدا کە بەریتانیا گەورەترین و بەهێزترین دەوڵەتی ئیمپریالیستی دنیا بوو، قسە لەسەر ئەوە کرابوو کە دەوڵەتێک بۆ جووەکان لە کینیا یان لە ئەرجەنتین یان لە تاسمانیا (کە جەزیرەیەکی بەتەنهایە لە باشوری ئوستراليا و یەکێکە لە ویلایەتەکانی ئوستراليا) پێک بهێنن. بەڵام کۆنگرەی زایۆنیستەکان لە 1903 دا پاش کێشمەکێشی زۆر لە نێویاندا ڕازی نەبوون بە کینیا و دەنگیان بە فەلەستین دا کە تیایدا دەوڵەتێک بۆ جووەکان دروستبکرێ. هەر لەوکاتەوە زایۆنیزم کەمپینی بۆ ئەوکارە کرد و جووەکان هاندران و کۆمەکی مادی کران تا کۆچ بکەن بۆ فەلەستین. سەرەڕای هەموو ئەو کۆچکردنانەش لە ساڵی 1914 دا ژمارەی جووەکانی فەلەستین تەنها 8٪ی دانیشتوانیان پێک هێناوە6.

هەر ئێستا و لەسایەی سیستەمی سەرمایەداریدا باس لە دوو ڕێگەچارە ئەکرێ لە لایەن بەرەی پێشکەوتووخوازی دنیاوە. بەشێک باوەڕی وایە کە دامەزراندنی یەک دەوڵەتی سکۆلار کە تەواوی دانیشتوان مافی یەکسانیان هەبێت ڕێگە چارەیە. بەشێکی تر کە ڕەچاوی ئەو هەموو ناسۆرەی خوڵقاوە و مێژووەکەی لەبەر چاو ئەگرن. دامەزراندنی دوو دەوڵەت کە یەکتر بە ڕەسمی بناسن و بەگوێرەی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان و سنوری 1967 بێت بە ڕێگە چارەیەکی واقیعی تر و مومکین تر ئەزانن.

ئیسرائیل تاکە وڵاتی دنیایە کە لەوکاتەی دروست بووە بەردەوام نەخشەکەی لە گۆڕان و زیاد بووندایە بەهۆی داگیرکاری و دەرکردنی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی وڵاتەکەوە7. ئەمە ئەبێت کۆتایی پێ بێت و دوو دەوڵەتی هاوشانی یەک دابمەزرێ و کۆتایی بەو برینە بهێندرێ کە ئیمپریالیزمی جیهانی لە دڵی ناوچەکەدا خوڵقاندوویەتی و بەردەوام بۆ مەبەست و باڵادەستی خۆی بەکاری ئەهێنێ.

سەرچاوەکان:

1

https://www.jewishvirtuallibrary.org/text-of-the-balfour-declaration

2

Nurit Peled-Elhanan and Ilan Pappe

3

Boycott, Divestment and Sanctions (BDS) is a Palestinian-led movement promoting boycotts, divestments, and economic sanctions against Israel. Socialist International of 140 Global Political Parties Adopts BDS, Calls for Military Embargo on Israel

https://bdsaustralia.net.au/about/what-is-bds/

4

Craig Mokhiber

5

https://www.youtube.com/watch?v=j8UKO6NNb5w

6

https://www.youtube.com/watch?v=ZXfuqUhzESg

7

https://www.youtube.com/watch?v=-NKkmnnQud8

**تێبینی:**

**شایانی باسە کە ناونیشانی ئەم وتارە لە ناوەڕۆکی وتارێکی (مەنسور حیکمەت) بە ناونیشانی (فەلەستین لە سەربەخۆییەوە بۆ ئازادی) کە لە 17ی نۆڤەمبەری 2000 دا نووسیوێتی، وەرگیراوە.**

**عامر سابیر**

**14/11/2023**



# عەلی مەولود: خەڵك بەدیل و جێگرەوەی بۆ ئەم دەسەڵاتەی ئێستا دەوێت کە بەهەزار شێوە سەلماندوویەتی خۆپەرست و بەرژەوەندیخوازو دژی خەڵکییە، دژی ئازادییە، مشەخۆرە، دەسەڵاتخوازو خۆسەپێنە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ عەلی مەولود هەڵسوڕاوی چەپ و کۆمۆنیست، سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان”

**بۆپێشەوە: بڕیارو گوشارەکانی بەغدا لەدوای شەڕی سەربازی دژی داعشەوە بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم، بەردەوامە، هۆکاری سەرەکی ئەم گوشارانە چییە؟**

**عەلی مەولود:** لەدوای شەڕی داعشەوە، دەوڵەتی عێراق لەرووی دەوڵەتداری و سەربازی و ئابوورییەوە، لە ناوخۆو هەرێمایەتی و جیهان، خۆی لە پێگەیەکی بەهێزترو پەسەندکراوتردا دەبینێت لەچاو هەرێم، کە بەهۆی خراپی حوکمڕانیەکەیەوە تادێت لاوازتر دەبێت، ناوەند کەڵک لەو لاوازیانە وەردەگرێت بۆ ئەوەی پێگەی دەنگیدایەوەو ئێران و ئەمریکا لە پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی پێشمەرگە هاوخەت و بوون و پارەو چەکوچۆڵی زۆرو راهێنانی سەربازی و هەواڵگریان خستە بەردەست، ئەوەش لەکاتێکدا سوپای عێراق لەموصڵ تووشی شکستێکی ئابڕووبەرانە ببوو.

ئەو هۆکارانەی سەرەوەو فرۆشی سەربەخۆی نەوت و هەندێ موجامەلەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری وزە، دەسەڵاتی هەرێمی تووشی بوغرایی کردو هانیدا بۆ غەنیمەی زیاتر، لەجیاتی ئەوەی بۆ دەکەن بۆ زەقبوونەوەیان، دوو قوتبیەکی دژ بەیەکیان درووستکردووە، وای دەردەخەن هەرێم "بەدەسەڵات و خەڵکەکەیەوە" لەبەردەم مەترسی ناوەندە "بە دەسەڵات و خەڵکەکەیەوە"، لەکاتێکدا دەسەڵاتی هەرێم خۆی بەشێکە لە دەوڵەتی نوێ عێراق و پشکی گەورەو پۆستی هەستیاری هەیە تیایداو لەناو بڕیارەکانیدایە و خەڵکی عێراق و کوردستانیش هیچ کێشەیەکیان بەیەکەوە نییەو هاوخەباتی و هاوچارەنووسی یەکترن.

ئامانجیشیان دەمەزەردکردنەوەی ناسیونالیزمە، کە خۆیان و دەسەڵاتیان

**پرسی نەتەوەیی کورد لەعێراق تەنها خاوبۆتەوە، بەدەسەڵاتگەیشتنی پارتی و یەکێتی لە هەرێم و بەشداری و هاوبەشی ئەوان لە دەسەڵاتی عێراق مانای چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی نییەو بەپێی داتاکان، نیوەی خاکی کوردستانی باشوور لەژێر حوکمی دەوڵەتی ناوەندو کورد لەوناوچانە لە مافی هاووڵاتیبوونی یەکسان بەهرەمەند نین و هەمیشە ئەگەری توندبوونەوەی کێشەو ستەمی نەتەوەیی لەئارادایە...**

هەرێم و دەسەڵاتەکەی و پێشمەرگە، بخاتە ئەو قاوغەی بەشایەنیانی دەزانێت، ئەو پێیوایە دەسەڵاتەکانی هەرێم لە ماوەکانی رابردوودا واوەتر لەدەستوور رۆیشتووەو سنووری رێساکانی فیدرالیزمی تێپەڕاندووەو سەربەخۆ لەعێراق کاری کردووە.

هەڵبەت زەقبوونەوەی کێشەکان لەسەر "ئابووری سەربەخۆ" و نەوتی کەرکوک و شوێنی پێشمەرگە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش داعش، کە هەرێم بەئاراستەی سەربەخۆبوونی زیاتر لەعێراق و رۆچوونە ناو پەیوەندی هەرێمایەتی و دەرەکی هەنگاوی دەنا، ناکۆکییەکان ئەوەندە توندبوونەوە سەرۆکی ئەوکاتی هەرێم (مەسعود بارزانی) هەڕەشەی لە عێراق کرد کە "کارێک دەکەن پێشبینیان نەکردبێت" ئەوە دواتر وەک هاوکاری داعش لێکدرایەوە و بەکردەوەش پارتی بەشداری شەڕی نەکرد تا ئەوکاتەی داعش هێرشەکانی روو بە بەغدای وەستاندو گۆڕی بۆ ناوچەکانی بن دەسەڵاتی ئەو، وە هەر بەهۆی توندبوونەوەی ئەو ناکۆکیانە (مامجەلال) سەرۆک کۆماری ئەوکات لەپاش کۆبوونەوەیەکی پڕلەگرژی لەگەڵ مالیکی سەرەکوەزیرانی ئەوکات، جەڵدەی لێدا.

بەڵام ئەو شۆکە گەورەیەی داعش تووشی دەوڵەتی عێراق و هاوپەیمانانی کرد، ئەم ناکۆکیانەی سڕکرد، بەتایبەت کە رۆڵی پێشمەرگە بە پشتیوانی فڕۆکەکانی ئەمریکاو تۆپخانەکانی ئێران لەشەڕی داعشدا بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لەعێراق و ناوچەکە و بەهێزکردنی پێگەی هەرێم سوودی لێوەر بگرن، بەتەواوی خستیانە خزمەتی دەوڵەمەندبوونی پارتی و یەکێتی و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکانیان، عێراقیش تا دوای شەڕی داعش چاوپۆشی کرد لە تموحاتەکانیان، بەڵام چاوەڕوانییەکان لەلایەن دەوڵەتی عێراق و ئێران و ئەمریکاشەوە ئەوەبوون هێزەکانی هەرێم بکشێنەوە شوێنەکانی پێشوو، کە ئەوە رووی نەداو سەرەنجام ریفراندۆم و 16ی ئۆکتۆبەری بەدوادا هات.

**بۆپێشەوە: گوشارە بەردەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**عەلی مەولود:** بەبڕوای من دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، هەریەکە بە ئامانخی خۆی، کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند لەقەبارەی خۆی گەورەتر نیشان دەدەن و کاریش لەسەر بنیاتناوەو بەهۆی خراپی حوکمڕانییانەوە ئێستا بەتەواوی کول بووە، دەخوازن دوو قوتبی لەنێوان گەلانی کوردستان و عێراقدا درووست بکەن و بۆ داپۆشینی نەفرەت و نارەزایەتی فراوانی خەڵک، ئاگاهانە کێشە بچوکەکان گەورە دەکەن و کێشەی لاوەکی درووست دەکەن.

سەبارەت بە فیدرالیزم و دەستووری نوێی عێراق، هیچیان بەرهەمی باوەڕی قووڵی خاوەنەکانی نین، تارادەیەکی زۆر رێککەوتنی ناچارین و بەشێکیشی لەژێر گوشاری دەوڵەتانی تردا رێکخراوە بۆ تێپەڕکردنی قۆناغێک، نەدەسەڵاتی هەرێم و

**خەبات و بەرەنگاری دژی ستەمی نەتەوەیی نابێت لەچوارچێوەی ئامانجە ناسیونالیستیەکان لەقاڵب بدرێت، بەڵکو پێویستە ببێتە پۆتانشیڵ و هێزو وزەی دژی چەوساندنەوەو ستەمکاری بەشێوەیەکی گشتی، نەك گۆڕینی چەوسێنەرو ستەمکارەکان لە بێگانەوە بۆ خۆماڵی...**

نەدەسەڵاتی ناوەند پابەند نەبوون بە بوعدە یاسایی و حقوقیەکانی فیدراڵیەت و ئەو رێککەوتنانەی لەناو دەستوور کردوویانە، بەڵکو وەک ناو و بەڵگەنامە سوودیان لێوەرگرتووە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بێگومان هاوسەنگی هێز کاریگەری گەورەی هەیە لەو پەیوەندیەدا، هەردوولاش راست دەکەن کە یەکتر تاوانبار دەکەن بەپێشێلکردن، چونکە لەبنەڕەتەوە پەیڕەوکردنی دەستوورو پرەنسیپەکانی فیدراڵیزم، ئەصڵ نەبووە.

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵبوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟**

**عەلی مەولود:** ئەوە راستە هەرێم ئەم دواییانە بوعدێکی عێراقی تری وەرگرتووەو هەندێ لەدەسەڵاتەکانی سڕکراوە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی لەئارادا نییە، ئەم هەرێمە لە "بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠" وە بەناوی ناوچەی حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) لەدەستووردا دانی پێدانراوە، ئایا دەوڵەتی عێراق ئێستا لەهەلومەرجێکی وا بەهرەمەندە بەبێ دەسەڵاتی هەرێم کوردستان بەڕێوەبەرێت؟! بەبڕوای من وەڵامەکە نەخێرە.

ئەگەر دەوڵەتی عێراق و رەوتە سیاسیە دەستڕۆیشتووەکانی ناوی، لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە رەوایەتی ئەو ماف و دەسەڵاتانەی بۆ هەرێم ئیقراری لەسەر کردووە، کارناکەن و جێگای متمانە نین، وە دەیانەوێت دەستی حکومەتی هەرێم کورت بکەنەوە، ئابووری سەربەخۆ راگرن، پێشمەرگە لاواز بکەن و بیخەنە ژێر رکێفی سوپای عێراقەوە، وە سنووری هەرێم ببەنەوە بۆ هێڵی 36 ی پێش رووخانی بەعس و بەوەش بەشێکی تر لەبیرە نەوتەکان بخەنەوە بن دەستی خۆیان، ئەوا دەسەڵاتی هەرێمیش راستگۆ نییە لەو رێککەوتنانەی لەگەڵی دەکات و یاری بەکات دەکات و پابەندی بەعێراقەوە بەتەواوی تاکتیکی و بەرژەوەندیخوازانەیە.

هەرێم لەئاستی ناوخۆ دوو میرنشینە، یەکیان سەر بەئێرانەو ئەویتر سەر بە تورکیایە، هەریەکەیان هێزی چەکداری خۆی هەیە، بەڵام لەئاستی عێراق دەوڵەتێکە لەناو دەوڵەتێکداو هیچ حساب بۆ بڕیارو رێنماییە سیاسی و کارگێڕیەکانی ناوەند ناکات، جگە لەوەی دەستیان بەسەر تەواوی سیاسەت و ئابووری هەرێمدا گرتووە، لە داهات و پۆست و ئیمتیازاتەکانی ناوەندیش برابەشن.

**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا هەر لەدژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمە، یان لە دژی خەڵکی کوردستانیشە؟**

**عەلی مەولود:** بەغدا دژی دەسەڵاتی هەرێم نییە، ئەوان شەریکی یەکترن و پێکەوە ئەم زەلکاوەیان درووستکرد کە پێیدەڵێن (عێراقی نوێ)، وە بەیەکیشەوە درێژەی پێدەدەن، ئەوان پێویستی یەکتر پڕدەکەنەوە. ئەوەی دەبینرێت ململانێیە لەسەر بەشی زیاتر، نەدەوڵەتی عێراق نیشتمانێکی ئازادو ئارام و هاوبەش درووستدەکات و نە دەسەڵاتی هەرێمیش بەشوێن لابردنی هەڵاواردنی نەتەوەیی لەسەر میللەتی کوردە.

**بۆ چارەسەری ریشەیی و ئینسانیانەی ستەمی نەتەوایەتی دەبێت بیر لەهاوژیانی بکرێتەوە، پێکەوەژیانێکی ئازادانە، لەسەر بنەمای مرۆڤ بوون و ژیانخوازی و ژینگەدۆستی. ئەوەش وادەخوازێت لەسەر ئاستی عێراق بەدیلێك بێتە ئاراوە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوونی یەکسان دامەزرابێت، نەك پشکپشکێنەی نەتەوەیی و ئاینی و تایفی...**

دەوڵەتی نوێی عێراق هەر بەقەدەر ئەوانی پێش خۆی باوەڕی بە ئازادی و یەکسانی نەتەوەکان هەیە، هێشتا ئەوەی حکومەتەکەی قاسم خستیە ناو دەستوورەوە کە کوردو عەرەب شەریکن لەم وڵاتە و ئۆتۆنۆمیەکەی بەعس و فیدراڵیزمەکەی دوای ٢٠٠٣، هەر فۆرماڵی ماوەتەوەو نەبووە بە باوەڕ و پرەنسیپ لەواقیعدا، ناسیونالیزمی کوردیش هەر بەو پێودانگ و ئاراستەیە کاریکردووە خۆی ببێت بە هاوبەش لەدەسەڵاتی "سیاسی و ئابووری" عێراقداو ستەمی نەتەوایەتی و بەرەنگاری دژی ئەو ستەمەی خەڵکی کوردستان و ئەو هاوسۆزیەی لەگەڵی هەبووە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارهێناوە.

**بۆپێشەوە: بەشیک لەخەڵکی کوردستان بەتایبەتی موچەخۆران، دەیانەوێت بەغدا موچەیان بداتێ و لە ژێر دەسەڵاتی هەرێم نەمێنن، چەندین فراکسیۆنیش لەوانە یەکێتی و نەوەی نوێ و یەکگرتوو، کۆمەڵی دادگەری داوایان لە پەرلەمانی عێراق کردووە، کە بەغدا راستەوخۆ بە میکانیزمێکی یاسایی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان بدات، سەرەتا بڕیاری ئەم چەند فراکسیۆنە چۆن دەبینن؟ هەروەها ئایا ئەوە کیشەی موچە چارەسەر دەکات؟**

**عەلی مەولود:** سەرەتا دوو پەروەندە لەیەکتر جیابکەینەوە:

یەکەم ئەوەی کە دانیشتوانی هەرێم دەخوازن لەژێر دەستی دەسەڵاتدارانی هەرێم نەمێنن، بەمانای ئەوە نییە کە دەمانەوێت دەوڵەتی عێراق حوکمداریمان بکات، خەڵک بەدیل و جێگرەوەی بۆ ئەم دەسەڵاتەی ئێستا دەوێت کە بەهەزار شێوە سەلماندوویەتی خۆپەرست و بەرژەوەندیخوازو دژی خەڵکیە، دژی ئازادیە، مشەخۆرە، دەسەڵاتخوازو خۆسەپێنە، بەڵام ئەو بەدیلە دەوڵەتی عێراق نییە، بەڵکو لەناوخۆی هەرێمی کوردستانە و لە خودی خەڵک درووست دەبێت.

دووەم ئەوەی کە مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان خوازیارن راستەوخۆ مووچە لە بەغدا وەربگرن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەم پێدانی موچە لەکاتی خۆیدا مسۆگەرترەو ترسی دواکەوتن و لێبڕین نییە و هەم شایستە داراییەکان لەعێراق باشترو زیاترن، لەمبارەیەوە حکومەتی هەرێم ستەمکاری گەورەی کردووە لە موچەخۆران، بۆیە من بەقازانجی دەبینم موچە لەدەستی حکومەتی هەرێم دەربێت و لەبەغداوە بدرێت، چونکە دەسەڵاتی هەرێم دەستی پیسە و متمانەی پێناکرێت، وەک مافیا لەگەڵ پارە مامەڵە دەکات و ستراتیژی خۆی لەسەر پارەکێشانەوە لە خەڵک و کەمکردنەوەی بەشی ئەوان لەداهات و سامان و سیاسەتی برسیکردن دارشتووە. بەڵێ لەوچوارچێوەیەدا کێشەی موچە چارەسەر دەبێت، بەڵام بەومەرجەی دەسەڵاتی هەرێم کۆسپ و رێگری درووست نەکات و خۆی لە بەرپرسیارێتی نەدزێتەوە، کە پێموانییە رێگا بەوە بدات چونکە لەڕووی سیاسی و ئابووریەوە زیانی گەورە دەکات.

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبووی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟ لاتان وایە جارێکی تر ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان دووبارەدەبێتەوە؟**

**عەلی مەولود:** پرسی نەتەوەیی کورد لەعێراق تەنها خاوبۆتەوە، بەدەسەڵاتگەیشتنی پارتی و یەکێتی لە هەرێم و بەشداری و هاوبەشی ئەوان لە دەسەڵاتی عێراق مانای چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی نییەو بەپێی داتاکان، نیوەی خاکی کوردستانی باشوور لەژێر حوکمی دەوڵەتی ناوەندەو کورد لەوناوچانە لە مافی هاووڵاتیبوونی یەکسان بەهرەمەند نین و هەمیشە ئەگەری توندبوونەوەی کێشەو ستەمی نەتەوەیی لەئارادایە.

ئەم کێشەیە پێناچێت بە (مافی دیاریکردنی چارەنووس، جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ) چارەسەر بێت و وا دەردەکەوێت پێویستی بە دارشتنی ستراتیژی نوێ هەبێت کە لەگەڵ بارودۆخی نوێ گونجاو بێت.

لەبەرچەند هۆکار پێموایە درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەکوردستانی باشوور ئەستەمە:

**هەڵبژاردن و دیموکراسی پەرلەمانی لەسەر ئاستی جیهان شکستی گەورەی خوارد و زۆربەی ئەو خەون و بەڵێنانەی لەم رێگایەوە بە مرۆڤایەتی درابوون، ناکام مانەوە، بەڵام لەکوردستان هەر هیچی لێ پەیدا نەبوو، بوو بەدیکۆرێکی ناشیرین بۆ دەسەڵاتێکی ئۆلیگارشی...**

یەکەم: نەدەوڵەتی عێراق و نەدەوڵەتانی ناوچەکە رێگە بەدەسەڵاتی کوردی لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان نادەن، کەواتە لەباشترین حاڵەتدا، کێشەی نەتەوەیی لانی کەم لەنیوەی خاکی کوردستاندا بەچارەسەرنەکراوی دەمێنێت.

دووەم: بەم عەقڵیەت و باوەرەی ئێستای ناسیونالیزمی کوردو عەرەب و تورکمانەوەو هەروەها بە دەستوەردانی دووژمنانەی دەوڵەتانی ناوچەکە، ئەگەر دەوڵەتی کوردیش درووست بێت، لەگەڵ عێراق دەبن بە دوو دەوڵەتی ناکۆک و ناتەبا لەپاڵ یەکدا، کە هەموو رۆژێک ئەگەری شەڕ بەرهەمدێنێتەوە.

سێهەم: بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی دوای شەڕی داعشەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی عەرەبزمانی عێراق لەکوردستان نیشتەجێ بوون و رۆژبەڕۆژ لە زیادبووندان، گەرچی هێشتا وەک هاووڵاتی یەکسان لەهەرێم قبووڵنەکراون، بەڵام تێکەڵاوبوونی نەتەوەیی بەدیهێناوە، هاوشێوەی تێکەڵاوی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، ئەمە زەمینە خۆش دەکات بۆ هاوژیانی، بەڵام لە ئەگەری گەشانەوەی هەر ناکۆکیەکی قەومیدا کێشەی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە.

چوارەم: مێژووی نوێ نیشانیداوین کە دەوڵەتی نەتەوەیی ئیتر رێگایەک نییە بۆ کۆتاییهاتنی کێشەی نەتەوایەتی و رەنگە ئاڵۆزتریشی بکات، دەوڵەتی فەلەستین و دەوڵەتی ئۆکراین بەنموونە.

پێنجەم: سەرمایەداری هێشتا لەسەر ئەو رێچکەیەیە، کە کورد لەناوخۆیدا هەزم ناکات و لەهەموو توندپێچێکدا فرێیدەداتە دەرەوەو دەیخاتە پەراوێزی رووداوەکانەوەنەوە، وەک بارمتە مامەڵەی دەکات و رێککەوتنەکانی پێ خۆش دەکات، هەر بەو هۆیەشەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچێتە پشتی پرۆژەی سەربەخۆبوونی.

شەشەم: خەبات و بەرەنگاری دژی ستەمی نەتەوەیی نابێت لەچوارچێوەی ئامانجە ناسیونالیستیەکان لەقاڵب بدرێت، بەڵکو پێویستە ببێتە پۆتانشیڵ و هێزو وزەی دژی چەوساندنەوەو ستەمکاری بەشێوەیەکی گشتی، نەک گۆڕینی چەوسێنەرو ستەمکارەکان لە بێگانەوە بۆ خۆماڵی، ئەگەر ئەو بەرەنگارییە نەچێتە خزمەتی ئامانجی بەرزی ئینسانیەوە، کۆمەک بە بەها سیاسیەکانی وەک ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و هاوژیانی و خۆشگوزەرانی و شکۆی مرۆیی نەکات، ئەوە خۆی ستەمێکی گەورەیە لەو خەباتە و قوربانیەکانی.

بۆیە بەبڕوای من بۆ چارەسەری ریشەیی و ئینسانیانەی ستەمی نەتەوایەتی دەبێت بیر لەهاوژیانی بکرێتەوە، پێکەوەژیانێکی ئازادانە، لەسەر بنەمای مرۆڤ بوون و ژیانخوازی و ژینگەدۆستی. ئەوەش وادەخوازێت لەسەر ئاستی عێراق بەدیلێک بێتە ئاراوە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوونی یەکسان دامەزرابێت، نەک پشکپشکێنەی نەتەوەیی و ئاینی و تایفی.

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان بەشیوەی گشتی دژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمن و بەکردەوەش ئۆپۆزیسیۆنی بۆژوازی کورد، ئەڵتەرناتیفێکی باشتری دەسەڵات نییە و لەو ئاستەدا نییە، بتوانێت جڵەوی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بکات، خەڵکی کوردستان دەبێ چی بکات، تا لەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوشیوەکانی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی رزگاری بێت؟ بەکورتی چ رێگاو ئەڵتەرناتیفێک بۆ باش بوونی ژیان و گوزەران و ئایندەی سیاسی کوردستان پێویستە؟**

**عەلی مەولود:** خەڵکی کوردستان قۆناغی گرنگی لەپەیوەندی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێم تێپەڕاندووە، سەرەتا خەڵک خۆشباوەر بوو بەوەی دەسەڵاتی کوردی ژیانێکی خۆش و ئایندەیەکی گەشیان بۆ دابیندەکات، بەڵام زوو ئەو خەونە زڕاو بەوهۆیەوە نارەزایەتی خەڵک بەشێوەی جۆراوجۆر لەئاستی فراوانی کۆمەڵایەتیدا دەستی پێکردو ئێستا لەنارەزایەتی واوەترچووەو خەڵک بایکۆتی ئەم دەسەڵاتەی کردووە، بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی، باوەڕی، سیاسەتی، بەڵێنەکانی، هاوکات خەڵک زیاتر سیاسی بۆتەوەو هاتۆتە ناو کایەی سیاسیەوەو بەدوای جێگرەوەو بەدیلدا دەگەڕێت.

کاری هەرە گرنگ ئەوەیە خەڵک لەدرێژەی ئەکتی سیاسی خۆیدا ئەو بەدیلە بەرهەم بێنێت، بەڵام ئەو بەدیلە پێویستە بۆ پێشەوە بمانبات و سیستەمی حاکم و مەحکوم بگۆڕێت بە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی دوور لە دژایەتی و ناکۆکی، کار بۆ هەمووان و ژیان و ئازادی بۆ هەموان دابین بکات، هاوژیانی و شکۆی مرۆیی، پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بکاتە ئامانج.

**بۆپێشەوە: لەکاتێکدا دەسەڵات متمانەی لای خەڵکی کوردستان نەماوەو ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد لە ئاستی ئەوەدا نییە وەکو بزوتنەوەی گۆڕانی پێشوو سواری شەپۆلی نارەزایەتی**

## درێژەی... دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ عەلی مەولود

**جەماوەری خەڵکی کوردستان بێت، چەپ و کۆمۆنیستەکان، لە کوێی بزوتنەوەی نارەزایەتی ئیستای خەڵکی کوردستاندا وەستاون؟**

**عەلی مەولود:** بەبڕوای من چەپ و کۆمۆنیستەکان وەک بەشێکی رادیکاڵ لە خەڵکی ناڕازی، کە هەر لەسەرەتاوە هیچ ئومێدێکیان بەم دەسەڵاتە نەبوو، دەبێت لەچوارچێوەی ئەو بەدیلەدا کە لەوەڵامی پرسیاری پێشوو باسمکرد، خۆیان ببیننەوەو پێشەنگایەتی بکەن، وە نابێت ئامانج و ستراتیژی ئەم رەوتە لەوەدا کورت بێتەوە کە شوێن گۆڕکێی نێوان حاکم و مەحکوم بکات. درووشمەکانی، ستراتیژی سیاسی، بکەری گۆڕانکاری و رێگای گۆڕانکاریەکان لە واقع و لەپەیوەست بە میکانیزمی گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەربگرێت. بەدیل ئەصڵی بێت نەک ئەنتی بوونی ئەوەی کە هەیە.

**بۆپێشەوە: گرژی و ناکۆکی نیوان پارتی و یەکێتی لەسەر دەسەڵات و داهات بەردەوامە، ئایا گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و بەغدا، هۆکاری بەرینبوونەوەی قڵشتی نێوانیانە، یان نەتوانین و ناتەبایی و ملنەدانی پارتی و یەکێتی بەداوای بەغداو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هۆکاری بەردەوامی ئەو گرژیانەیە؟**

**عەلی مەولود:** پارتی و یەکێتی ناکۆکیەکی مێژوویین کە ناوەرۆکەکەی هەژمونگەرایی و دەسەڵاتخوازیە، ئەم دوو هێزە بە تەماحە سیاسی و ئابووریە جیاوازەکانیانەوە، ئێستا بوون بە دوو کۆمپانیای ناو بازاڕی ئازادو دوو باندی گەورەی مافیایی لیبراڵیزمی نوێ، کە بەشێوەی یاسایی و فەرمی کارەکانیان رایی دەکەن، هەتا ئەوکاتەی بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە، دەستشکانەوەو قاچکێشانەوەیان بۆ یەکتر بەردەوام دەبێت.

کێشەی نێوان ئەم دوو باندە، نە درێژکراوەی کێشەی خەڵک و نە بەرەنجامی گوشاری نێودەوڵەتی و بەغدایە، کێشەی زاتی خۆیانەو ئەوەی هەریەکەیان لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتێکی دراوسێ پرۆگرامکراوە، کاریگەری هەیە لەقوڵبوونەوەو توندبوونەوەی کێشەکان هەم لەناوخۆیان و هەم لەگەڵ خەڵک و هەم لە ئاستی عێراق و هەرێمایەتی.

**بۆپێشەوە: لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی هەڵبژاردن وەکو ڕێگایەک بۆ دەرچوون لە دۆخی نەخوازراوی ئیستای کوردستان دەزانن، ئێوە لەوبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**عەلی مەولود:** هەڵبژاردن و دیموکراسی پەرلەمانی لەسەر ئاستی جیهان شکستی گەورەی خوارد و زۆربەی ئەو خەون و بەڵێنانەی لەم رێگایەوە بە مرۆڤایەتی درابوون، ناکام مانەوە، بەڵام لەکوردستان هەر هیچی لێ پەیدا نەبوو، بوو بەدیکۆرێکی ناشیرین بۆ دەسەڵاتێکی ئۆلیگارشی.

هەڵبەت رەتکردنەوەی رێگای هەڵبژاردن بەشێوەیەکی رەها درووست نییە، بەبڕوای من دەکرێت و پێویستە خەڵک سوود لە هەموو کەناڵێک وەربگرێت بۆ پاشەکشە پێکردن و کەمکردنەوەو ستەمکاری و ناعەدالەتی، حیکمەتی سیاسەت ئەوەیە تەشخیس بدرێت لەچ کاتێکدا خەڵک سود لە هەڵبژاردن وەردەگرێت و بە چ مەبەستێک بەشداری دەکات، هەندێکجار لەوانەیە وەک تاکتیک بەکاری بێنێت بۆ تێکدانی هاوسەنگی بەرەی دەسەڵات، بۆ لاوازکردنی بەهێزەکان، بۆ بەهێزکردنی ناکۆکیەکانی نێو ماڵی دەسەڵات، ...

**بۆپێشەوە: وەکو دوا پرسیار، جەنگ و هیرشی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی غەززەو فەلەستین، چ کاریگەریەکی لەسەر دۆخی عێراق و کوردستان دەبێت؟**

**عەلی مەولود:** بێگومان کاریگەری هەیە، عێراق و کوردستان لەچەندین لاوە بە جەمسەرەکانی ئەم شەڕەوە بەستراوە، بەستەرەکانی ئەم شەڕە: ناکۆکی دوو قوتبی نێوان ئەمەریکاو خۆرئاوا و بەرەی چین – روسیایە، ناکۆکی قەومی نێوان ناسیونالیزمی عەرەب و ناسیونالیزمی ئیسرائیلە، ناکۆکی ئاینی نێوان ئیسلام جوولەکەیە، کە هەموو ئەوانە لەعێراق و کوردستان ئامادەیی و نوێنەرایەتییان هەیە.

عێراق کە بەناوچەی نفوزی ئەمریکا دەناسرێت بەرەی رووسیا - چین بۆ سووککردنی قورسایی ناتۆ لە شەڕی ئۆکراین کاری لەسەر دەکات، ئێران کە رکابەری ئەمریکاو نەیاری ئیسرائیلە، هەژمونی گەورەی هەیە تیایدا، هاوسۆزی نەتەوەیی و ئاینی، هیزە ئیسلامیەکانی تائاستی ئەوە پاڵ پێوەناوە وەک بەشێک لەو شەڕە خۆیان ببینن. ئەوانە هەموویان ئەگەری تەنینەوەی ئەو ئاگرە لێرە نیشاندەدەن.

بێگومان ئەو شەڕە بەهەموو پێوانەیەک شەڕێکی کۆنەپەرستانەو دژی خەڵکیە، جەنگی پاکتاوکردن و سڕینەوەیە، درێژەی ستەمکاری دەوڵەتی ئیسرائیلە لەخەڵکی فەلەستین، رۆژانە تاوانی جەنگ روودەدات، کۆمەڵکوژی دەکرێت، بەهیچ شێوەیەک بەرژەوەندی خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیلی تێدا نییە، دیاری دنیای سەرمایەداری ئەمڕۆیە بۆ ناوچەکە، کە ئەگەر بەری پێنەگیرێت کارەساتی مرۆیی و ژینگەیی گەورەتری لێدەکەوێتەوەو ناوچەکە دەکات بەغەززە.

*********

## درێژەی .... دوا وتە

غەربەوە هاوکاری بێدرێغ دەکرا و درندەیی ئەو رژێمە لە دژی هەر دەنگێکی ئازادیخوازانە لە عێراق و لەدژی خەڵکی کوردستان، لە کیمیاباران، ئەنفال، سوتماککردن و راگواستن و تەعریب و تەبعیس و بۆمباباران و لە سێدارەدان... دیموکراسی نیگەران نەکرد و روباری خوێن و فرمێسکی وەکو بارانی خەڵکی ستەم لێکراویان نەبینی. دروستکردنی ئیسلامیەکان و ئیخوانەکان و رەوتە دینیەکان لەسەراسەری دنیا بەدژی سۆڤیەت و بلۆکی شەرقدا، وەکو دیاری دیموکراسی لە چاوی خەڵکی دنیادا دەشارنەوە. سعودییە و وڵاتە عەرەبیەکان و رژێمە دەست پەروەردەکراوە دڕندەکان لە ئەمریکای لاتیندا، کە راستەوخۆ لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە دەستیان لەپشت دەدرێت و هاوکاری دەکرێن، تا دەگاتە دەستخستنە ناو دەستی تاڵیبان و سپاردنەوەی دەسەڵات پێیان، هاوکاری رژێمی درندەی ئینسان کوژی تورکیا و کە بەربەرچاوی دنیایەوە دەبڕی و دەکوژێ، هیشتا لە دۆستانی دیموکراسیین و هاوکاری بێدرێغ دەکرێن... هەموو ئەوانە ئەگەر گۆشەیەکی بچکۆلە لە هاوکاری و پشتیوانی ئەمریکاو غەرب بن بۆ ئەم تیپە لە نیزام و هێزی ئینسان کوژ، ئەوا راستەوخۆش دەستێوەردانی سەربازی لە هەموو وڵاتانی ئەزمەگرتووە پڕ کێشەدا، لەشکرکێشی، و کوشتاری بە کۆمەڵ لەوانە کوشتنی ١٥٠ هەزار سەربازی عێراقی کە لە لۆریەکاندا بە ئاڵای سپیەوە لە پاشەکشەدا بوون بە بڕیاری جۆرج بۆش کوژران، وە کوشتنی ١٢٠ هەزار سەربازی تر لە چەند چاڵێکدا بەبریاری جۆرج بۆش زیندەبەچاڵ کران لە جەنگی کەنداودا، تا دەگاتە جوڵاندنی ناتۆ و تاوانکارییەکانی، سەرکوتی شۆڕش و راپەرینەکان، ئابڵۆقەی ئابوری لەسەر خەڵکی بەشێکی زۆر لەوڵاتانی دنیا بە پاساوی مل نەدانی نیزامە سیاسیەکان بە ویستەکانیان و بریارەکانی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان... لە کارنامەی ئەمریکاو غەربن و قوربانیانی دەستی ئەم دنیای دیموکراسییەن. بە هەموو پێوانەیەک قوربانیانی دەستی دیموکراسی زۆر زیاترن لە قوربانیانی دەستی رژێمە دیکتاتۆر و سەربازی و سەرکوتگەرەکان.

ئەوەی ئێستا لە غەززە روودەدات و نزیک بە هەشت دەهەیە ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین ئەنجامی دەدات، لەوانەیە بەرجەستەترین مامەڵەی نا ئینسانی غەربی و جینۆسایدی دیموکراسی لەدژی ئینسانیەت بخاتە ڕوو.

پەنجەمۆری دیموکراسی بە بڕینی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و خۆراک و دەرمان لە زیاتر لە دووملیۆن ئینسان و موبارەکەکردن لە بۆردومانی خەستەخانە، قوتابخانە، زانکۆ، کەمپی ئاوارەکان، شوێنی ژیانی هاوڵاتیان، کوشتنی هەزاران منداڵ و ژن و پیرو پەکەتە، وێرانکردنی شارێکی تەواو... بەڵگەی ئاشکرایە کە دیموکراسی ئەمریکا و غەرب، هەمان دیکتاتۆریەتی وڵاتانی چنگ بەخوێنی دیکتاتۆرییە بە بریاری بەکۆمەڵ و بە دروستکردنی ڕەچێتەی رەوایەتی دیموکراسی!!.

ئەوەی زۆر روون و ئاشکرایە، دنیا دوو بەرەی دیموکراسی و دیکتاتۆری نییە، دنیا دنیای سەرمایەدارییە، دنیایەکە دیکتاتۆریەتی چینی بۆرژازی بەسەریدا زاڵە، جا یان دیکتاتۆریەتی ئاشکرا و بی پەردەیە یان دیکتاتۆریەتی داپۆشرا و پەردە دارە. دیکتاتۆریەتی پەردەداریش سنورەکەی هێندە ناسک و تەنکە لەگەڵ دیکتاتۆری بی پەردەو روتوش، کە بەسادەیی لە مامەڵەی ئێستا ئەمریکا و غەرب لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی داگیرکاری ئیسرائیل و بۆردومانی غەزەدا دەبینرێت و قوربانیانی ئاشکران.

لەبەرامبەر بە دیکتاتۆریەتی بۆرژوازیدا بە هەردوو دیوە ئاشکرا و روپۆشکراوەکەیدا، کە لە بنەرەتدا بۆ پاریزگارییە لە نیزامی سەرەوخواری سەرمایەداری، تەنها یەک چینی کۆمەڵایەتی هەیە کەدژی هەردوو دیوەکەی دیکتاتۆری بۆرژوازیە. وە تەنها شۆڕشی لەخوارەوەی چینی کرێکار و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە کە بەپێچەوانەی دیکتاتۆریەتی بۆرژوازییەوە کە بەرگری لە دەسەڵات و کەمینەیەک دەکات، بەرگری لە زوربە و چینی کرێکاریی کریگرتەو جەماوەری ستەم لێچوو لە بەرامبەر کەمایەتیەکی چەوسێنەر دەکات و دەیەوێت لەیەکەمین هەنگاوی سەرکەوتنی شۆرشدا بەرگری و پەلەقاژەی مانەوەی ئەم چینە تیک بشکێنێ، دەتوانێت وەڵامی چینی کرێکاری ریکخراو بێت. تا ئەو کاتەش نیزامی سەرمایەداری لە ئارادا بێت جەنگ و جەنگی نیابەتی، وەکو پێداویستی سەرمایە چ بۆ ئابدەیت کردنەوەو ئارایش دانەوە و دابەشکردنەوەی دنیا لە برگە جیاوازەکان و چ وەکو قەرەبووکردنەوە دەرچوون لە ئەزمەی یەخەگیری سەرمایە وەکو تایبەتمەندیەکی ئەم نیزامە دەمێنێتەوە. جەنگ و ملهوری ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین جینۆسایدێکە بەدەستی راستەوخۆ دیموکراسی ئەنجام دەدرێت و بەشانازیشەوە رادەگەیەنرێت. ئەمەش ریشەی لە پێداویستی سەرمایەداریی ئەزمەگرتووی بۆگەن بووی ئێستادا دایە. ئەم دۆخەش ئەو راستیە پشت راست دەکاتەوە کە "سۆشیالیزم یان بەربەریەت"، ئەو چەمکە حاشاهەڵنەگرەیە کە ئایندەی دنیای پێوە بەندە...

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
عەلی مەولود، ڕێبوار حەمە شەریف، جیهاد حەمەکەریم، هاوژین رەشید، توانا حەمەنوری، وریای رەسام، عامر سابیر، جەمال نوری، کاوان قادر،، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، شوانە حەسەن...

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com


بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئاییندی سیاسی کوردستان"...

# کورتە ناساندنێك بەئامێری کەمانچە!!

ئامێری کەمانچە یان ئامێری چەلۆ یەکێکە لە ئامێرە مۆسیقیە کاریگەرەکانی جیهانی مۆسیقا. ئەو ئامێرە بۆ یەکەمجار لە سەدەی شانزەدا دروستکراوە لە ئیتاڵیا. یەکەمین بەڵگەش هۆ بوونی کەمانچە لەوکاتەدا نیگارەکانی نیگارکێش گۆدێنزۆ فێڕاری یە لە ساڵانی ١٥٣٠یەکاندا هەرچەندە ئامێرەکانی فێراری تەنیا سێ تاڵیان هەبوو. پاشان لە کتێبی (ئەکادیمیای مۆسیقا)ی نوسەر Fillbert Jambe De Ferدا لەبارەی ئامێری کەمانچەوە هەر بەو شێوازەی ئێستا هەیە بە ڕوونی باسی کردووەو ناساندوویەتی. هەندێ لە مێژوو نووسان دەڵێن لە ئەوروپاوە بڵاوبۆتەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێکیشیان ڕایان پێچەوانەیە و پێیانوایە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە گەیشتووە بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی. کەمانچە لەوکاتەوەی درواتکراوە زۆر جۆر و شێوازی لێ بەرهەمهاتوون و لە بازرگانیشدا سودی زۆری لێ بینراوە. لە بواری خوێندنی زانکۆو پەیمانگاکانیشدا لەو کۆلێژانەی گرنگی بە مۆسیقا دەدرێت، ئامێری کەمانچە یەکێکە لەو ئامێرانەی خواستی زۆری لەسەرە لەلایەن فێرخوازانەوە و ساڵانە بڕوانامەی زۆری لەسەر بەدەستدێت.




ئامادەکردنی هاوژین ڕەشید

# بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام




## دوا وتە

# سۆشیالیزم یان بەربەریەت... لە پەراوێزی جینۆسایدی ئینسان بەدەستی دیموکراسیدا!

**عەبدوڵا مەحمود**

ئەندازیارانی شاردنەوەی راستییەکان و شێواندی رای گشتی و دەزگای گەوجاندنی پان و پۆری میدیای سەرمایەداری، لە راستای زاڵکردنی بیروباوەری چینە باڵادەستەکان، بۆ ژێرخانی نیزامی ئابورییان و پاراستنی پایەکانی نیزامی سەرمایەداری و قازانج پەرستیان, دنیای سیستمە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابورییەکانیان وا دابەش کردووە، کە دنیا پێکهاتووە لە ولاتە دیموکرات و لیبرالەکان لەلایەک و لەلایەکی تریش ولاتە دیکتاتۆر و سەربازی و مەزهەبی و ستەم گەرەکان. وا وێنای دنیایان کردووە کە رژێمە دیکتاتۆر و ستەم کارەکان، هێشتا کۆسپی بەردەم دیموکرسین و مافەکانی ئینسان ژێر پێ دەخەن و لە کوشت و کوشتار و بێمافی چەوساندنەوەدا بەردەوامن دژی نەیارە سیاسیەکانیان و بۆ بەرگری لەدەسەلاتیان، دەست بۆ توندوتیژی و لەونێوەشدا دەست بۆ جینۆساید و کوشتنی بەکۆمەڵ دەبەن و ئازادییەکان، سەرکوت دەکەن.

بەم جۆرە راگەیاندنە، دەیانەوێت دیمەن و روخساری بەشێکی بەرین لە نیزامی سەرمایەداری ئێستا رتوش بکەن و دیکتاتۆریەت و درندەیی داپۆشراو پەردە پێدادراو لەچاو و بە بەروارد بە دیکتاتۆریەتی بێ پەردەو دانەپۆشراو، وەکو سەرکەوتنی دیموکراسی وێنا بکەن و کارنامەو کردەوەکانیان بشارنەوە.

دنیای بەناو دیموکراسی هەوڵ دەدەن سەدام حسینەکان، بینۆشەکان، ستالین و رژیمی ئیران و نیزامە چنگ بەخوێنەکان وەکو درندەیی دژ بە دیموکراسی نیشان بدەن، بێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن و کارنامە و هاوکاری و پشتیوانی خۆیان لەلایەکەوە لەگەڵ ئەو نیزامانە و لەلایەکی تریشەوە کارنامەی وێرانکارانەی راستەوخۆ دەستی خۆیان نیشان بدەن.

کام رژێمی سیاسی درندە لە دنیا هەیە ئەمریکا و غەرب و "دیموکراسی" لە هاوکاری کردن و پشتیوانی کردنیدا رۆڵی سەرەکیان نەبووبێت. دەسەڵاتی ئاخوندەکان بە پێی کۆنفرانسی گوادلۆفی فەرەنسا، بۆسەرکوتی شۆرشی ئیران دەسەڵاتیان پیرۆز کرا. رژێمی عێراق، تا ئەو کاتەی کویتی داگیر نەکردبوو، لەلایەن ئەمریکا و

بۆ لاپەڕە 14